رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی پەنابەران (UNHCR) بەپێی مەرجەکانی پەیامی جنێف ساڵی ١٩٥١ و پرۆتوکۆلی ١٩٦٧ ژیان و مافی رەوای پەنابەران لەجیهاندا دەپارێزێت. بەڵام تائێستا نەیتوانیوە رۆڵی خۆی سەبارەت بە پەنابەرانی کورد وەکو پەنابەرانی تر لەجیهاندا ببینێت. هەرچەندە ئەوان ئاگاداریی تەواویان لەسەر چۆنیەتی ژیار و گوزەرانی پەنابەران هەیە، تائێستا هیچ دەستگایێکی مرۆڤایەتی - ناونەتەوەییش نەیتوانیوە زۆرداری و رەفتاری نامرۆڤانەی کاربەدەستانی تورک لەگەڵ پەنابەرانی کوردا بگۆڕێت. هۆی ئەمەش هەر ئەوەیە کە پەنابەرانی کورد خاوەنیان نیە تا لە مافی رەوایان بپرسێت؛ واتە خەڵکێکی بێ وڵاتن و هیچ نوێنەرێکیان نیە لەناو دەستگایەکانی ناونەتەوەییدا بەرگرییان لێ بکات و مافەکانیان بپارێزێت، هەربۆیەش پرسەکانیان هەردەم وەکو پرسێکی ناوخۆی هەر وڵاتێک لەو وڵاتانەی کوردستانیان تێدا دابەش کراوە، حیساب دەکرێت و بەم شێوەیەش پەنابەرانی کوردیان بەجارێ پشت گوێ خستووە. هەموو دەستگاو ئۆرگانەکانی ناونەتەوەیی حەز ناکەن پرسی کورد وەک پرسی میللەتێکی تایبەتی بخەنە بەرچاو، چونکە نایانەوێ گیروگرفتێکی گەورەو گرانتر لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆخۆیان دروست بکەن تا ئیشەکانیان هەروا بەئاسانی بەرێوەبچێ. بەڵام ئەرکی سەرشانی ئێمەی کورد ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە قەبوڵ نەکەین و داوای هەموو مافەکانی خۆمان بکەین و لەپێناویاندا خەبات بکەین. باکەسمان



www.arsivakurdi.org

# وەلاّمی پرسیاری برای بەرێز کاک ڕ. چەوساو

پێشەکی داوای لێبووردن دەکەم لە دواکەوتنی وەلاّمی نامەکەت.

لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە ، ئایا چەندی ئەوێت کە لەشی مرۆڤ و سییەکانی لەپاش وازهێنان لە جگەرە بێتەوە سەرخۆی ؟

برای بەرێز، لە پێشدا ئەمەوێت شتێک ڕوون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە جگەرە کێشان تەنها زەرەری بۆ سییەکان نییە، بەڵکو هەموو ئۆرگانێگ (جهازێک)ی لەشی مرۆڤ زیانی پێ دەگات. زۆر کەس هەیە دەڵێ «من وا چەندەها ساڵە جگەرە دەکێشم تازە هیچ سوودێکی نییە وازی لێبێنم» بەلاّم ئەمە هیچ ڕاست نییە، چونکە لە جگەرە واز هێنان بەهیچ جۆرێک بێ کەڵک نییەو هەرچەند مرۆڤ درەنگ واز لە جگەرە کێشان بێنێ، لەشی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بێتەوە سەرخۆی، بەلاّم ئەمە شتێکە کاتی ئەوێت و بە شێنەیی ڕوودەدات.

**لەبارەی پرسیاری دووەمتەوە لەسەر «خواردنەوە».**

ئەگەر مرۆڤ هەموو ڕۆژێک «ئەلکهول»ی نەخواردبێتەوە ئەوا وازهێنانی هیچ ئیشارەتێکی نییە و پێویست ناکات مرۆڤ لە واز لێهێنانی بترسێت. بەلاّم ئەوانەی کە هەموو ڕۆژێک ئەلکهول ئەخۆنەوە و ماوەیەکی درێژ لەسەری بەردەوام بوون، « زیاد لە دووسێ هەفتە لەسەریەک» و هەموو جارێکیش زۆر ئەخۆنەوە، باشتر وایە ئەمانە پەیوەندی بە دکتۆری دیستریکت . Distrikts Läkare وە بکەن . بۆ ئەوەی بزانن ئایا پێویستی بە دەرمانی ئارامکەرەوە «مهدیء» هەیە یان نا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە وازلێهێنان لە ئەلکهول خواردنەوە. لێرەدا جارێکی تریش ئەمەوێت دووپاتی بکەمەوە؛ ئەو کەسەی هەموو ڕۆژێک کەمیەیەکی زۆری ئەلکهول ناخواتەوە پێویست ناکا ترسی هەبێ لە یەکسەر دەست هەڵگرتن لە ئەلکهول.

**پرسیاری سێیەمت لەسەر قەڵەوبوونە لەپاش وازهێنان لەجگەرە کێشان.**

بۆ ئەم پرسیارە دەمەوێ سەرنج بۆ لای ئەم خالاّنەی خوارەوە ڕاکێشم:

١- هەندێ مرۆڤ دوای واز هێنان لە جگەرە کێشان قەڵەو دەبن. بەلاّم لەهەمان کاتدا توانای خۆهیلاک کردنی ڕۆژانەیان (Kondition) زۆر باشتر ئەبێ. بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی جگەرە کێشانیاندا هێزو تواناییان زۆر زیاتر دەبێ.

٢- لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس لە قەڵەوبوون دەترسن، بەلاّم لەهەمان کاتدا مرۆڤ دەبێ بیر لە زیانەکانی جگەرەکێشان بکاتەوە، ئەگەر چەند کیلۆیەکیش لە کێشی زیاد بکا، هێشتا هەر سوودێکی زۆری وەرگرتووە.

٣- ئەو کەسانەی واز لە جگەرە کێشان دێنن، با ئاگاداری خۆیان بن و زووزوو نان نەخۆن و نان خواردن لایان شوێنی جگەرە کێشان نەگرێتەوە.

٤- ئەوانەش کە قەڵەو دەبن ، پاش دووسێ ساڵ کێشیان دەگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانییان.

فوئاد مەعروف
کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان لە سوێد

www.arsivakurdi.org

یانی پینتی «ر»یٚ بکەین بە «ل» و «گ»یٚ بە «ج»یٚ وشەی لەج بەدەست دیٚ . کە ئەم گۆڕانکارییەش لە درێژایی مێژوودا پێک هاتووەو «رگا»ی ئەوێستا بۆتە لەجی ئێستا.

بەلاٚم بزانین «لەج» ئێستا کویٚ یەو بە کویٚ دەڵێن لەج لە باشووری گۆلی ورمیٚ دا:

لەج، لەباشووری گۆلی ورمێدا، ئێستا ناوە بۆ خاپوورە شارێک و کۆنە کوندێک لە ناوچەی شارویٚرانی مەهاباد، کە دانیشتووانی هەمووی کوردن و بەزاراوەی موکری دەپەیڤن و رووبارێک بەناو ئاوایەکەدا دێتە خواریٚ، لەلای راستی رووبارەکە دەشتێک هەیە، کە خەڵکی ناوچەکە دەڵێن لە قەدیم دا ئەم دەشتە شارێکی گەورە بووە. بەناوی لەج و لە دەورانێکی نادیاری مێژوودا شارەکە. بەهۆگەلێکی کە جاریٚ بۆ ئێمە روون نییە وێران و خاپوور کراوە و ئاوایی لەجی لەجیٚ سازکراوەتەوە. رەنگە هەر بەهۆی ئەم کۆنە وێرانە خاپوورە شارەوە «لەج» بیٚ کە بە ناوچەکە دەڵێن «شارویٚران». ئەگەر چی لەم بوارەدا هێندیٚ کەسی پیٚیان وایە بۆیە بەم هەرێمە دەڵێن شارویٚران چونکە کاولاٚشە شاری دارایاسی لێیە. بەلاٚم ئەز باوەڕم کە ئەم مەڵبەندە هەر بەهۆی کۆنە شاری «رگا»وە ناوی نراوە شار وێران و تەنانەت پێشم وایە وێرانە شاری لەج لە دریاس کۆنتر بیٚ و رەنگە رگا- یا لەج پێش یەککرتن و پێک هاتنی فیدراسیۆنی دەوڵەتی کماد، گەورە شارێکی «مانتا» کان بووبیٚ و زەردەشت لەم شارەدا مزگێنی تایبەتی خۆی بلاٚوکردبێتەوە. بەلاٚم بەداخەوە، چونکە هەتا ئێستا لەو هەرێمەدا کۆلیاری و توێژکاری نەکراوە، کەتیبەو نووسراوێک لەدەست دا نییە کە بیکەینە پاڵەو پشت و دەساوێز بۆ باسەکەمان، بەلاٚم لەناوچەی گەورکی مەهاباد، لە کۆنە مەرزایەکی گوندی «بەیرەم» دا ئەنگوستیلەیەک دۆزراوەتەوە کە نقێمەکەی وێنەی زەردەشتی لەسەرە، هەروا، لە کۆنە گۆڕستانی ئاوایی لەجیش دا زۆر شتی عەنتیکە دۆزراوەتەوەو هەر لەم بارەوە دەبیٚ بێژم کە لە دەوروبەری لەج دا چەندین شوێنگەی مێژوویی هەیە، کە زۆر بە کورتی باسیان دەکەم:

١- لەرۆژئاوای لەجیٚ دا، گوندێک هەیە بەناوی «دارەلەک» کە وشە ناوەکە بە کۆن دێتە بەرچاوو رەنگە پێوەندی لەگەڵ دارایاس دا هەبیٚ. لە مووچەو مەزرای ئەم ئاوایییەدا زۆر جار کوتە سوڵەت و شتی عەنتیکە دۆزراوەتەوە.

٢- هەر لەم بەشەی لای رۆژئاواوە لە نزیک گوندی «وسوورکەند» ئەشکەوتێک هەیە پیٚی دەڵێن «ئەشکەوتی بێشوویٚ، یان خەڵوەی» کە لە بەیتی «برایم و مەحمەلیٚ دەشتیان»دا باسی دەکریٚ. وێدەچیٚ رۆژیٚ لەرۆژان خەڵکی تێدا ژیابیٚ و لە نزیک کۆنە شاری دەریاس دایە، لەم کۆنەشارەش دا ئێستا هەرتەپۆلکەیەک ماوە، کە هەتا نەهۆ کاری دێرینە ناسی لە سەر ئەنجام نەدراوە.

٣- لەلای باشووری لەجیٚ، ئاوایەک هەیە بەناوی ئیندر قاش، کە وشەی ئیندر یا ئیندرا، ناوی یەکێک لە خوا هەرە کۆنەکانی هیندو ئیٚرانی بووە و بەشی دووی ناوەکە «گاش»یش ناوی یەکێک لە خودایانی قەومی کاسی بووە. لەنزیک ئەم گوندەدا شوێنێکی باستایی هەیە، پیٚی دەڵێن «فەقرەگا» کە گوایە ئارامگای «فراوەرتیس» شای مادە. بەلاٚم بیچمی شوێنەکە زۆرتر لە پەرستگە دەچیٚ.

٤- لە بەشی لای رۆژئاوای لەج دا، کۆنە پەرستگەیەک هەیە، کە لەسەر جادە رێی ورمیٚ - مەهاباد دا هەڵکەوتووە و پیٚی دەڵێن «بەردەکۆنتیٚ» و رنگە هی سەردەمی مادەکان بیٚ .

لەو هەرێمانەدا کە باسمان کردن، بەداخەوە هەتا ئێستا کەتیبەو لەوحەو نووسراوەیەک نەدۆزراوەتەوە هەتا بە روونکاری لەسەری باسی مێژوویی بنووسریٚ.بەلاٚم هەروەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا ، ئیشارەم بۆ بەیتی برایم و مەحمەلی دەشتیان کرد، دەبیٚ بڵێم، ئەو بەیتە کە لەو ناوچەیەدا باوەو لەم هەرێمەدا رووی‌داوە، باسی فەرمان رەوایی ئافرەتێک بەناوی پەریخان دەکا کە کچی میرزا زۆراب شایە، لە دەقی بەیتەکە دەردەکەویٚ کە پێوەندێکی تەواو بە دەورانی بەر لە ئیسلامەوە هەیە، مام هێمنی رەحمەتی پێشینەی دەباتەوە دەورانی دایک شایی لە کوردستان‌دا، لەم بەیتەدا، باسی شارێک بەناوی «چەریان یا چەلیان» دەکریٚ کە زۆر وێدەچیٚ هەر شاری «لەج» بیٚ و گۆڕانکاری بەسەرداهاتبیٚ، یان بەیت بێژان وایان لیٚ کردبیٚ و بەهۆی شەڕو هەلاٚوە ئەم شارە وێران بووە. رەنگە لەم شەڕو هەلاٚیانەی کە بەسەر ئەم شارە هاتووە بەشیٚ لە خەڵکەکەی پەڕیوەی ناوچەی کوردستانی تورکیە بووبن و لەویٚ جیکایەکیان ئاوەدان کردبێتەوە و ناوی «لەج» یان لیٚ نابیٚ، کە هەر ئەم لەجەیە کە کاک ئەحمەد تکریسی باسی دەکاو دەبێژیٚ، خەڵکەکەی پیٚیان وایە لە خواریٚ را هاتوون و وشەی سۆرانی لە قسەکردنیاندا بەکار دەبەن.


www.arsivakurd.org

# لـــەج ، کـۆنە شاری پێش مێژوو

## روونکارێک لەسەر شاری لەج و وشەی لەج

ئەحمەد شەریفی

برای خۆشەویست کاک «ئەحمەد تگریس»، گوتارێکی بەناوی «چەند گوتن ل سەر لەجێ و دڤۆکا وێ» نووسی بوو کە لە ژمارە ٦٤ ی بەربانگ دا بلاْوکراوەتەوە. لەم وتارەدا دەنووسێ کە لە زاراوەی کرمانجی لەجێ دا وشە گەلی سۆرانی هەیە، هەروادیار دەکا کە خەلْکەکە لە خوارێ را هاتوون بۆ ئەو هەرێمە.

بۆ روون بوونەوەی ئەم مەبەست و دۆزە، بە کورتی باسی کۆنە شاری لەجێ دەکەم و وشەی لەجێ لێکدەدەمەوە.

لە کتێبی کۆن و پیرۆزی ئەوێستا یان ئەڤێستادا، باسی چەند شار کراوە، کە یەکێک لەوان شاری «رگا» یە کە توێژەوانانی مێژوو و ئەڤێستاناسان ئەم شارەیان بە «رەی» ئێستا کە لەنزیک تارانە داوەتە قەلْەم. ئەم بۆچوونەش هەر تەنیا بە خاتری ئەوەیە کە وشەی «رگا» و «رەی» هەتا رادەیەک وێک دەچن، دەنا خۆ لەم بارەوە دەساوێزێکی ئەوتۆ بۆ ئەم یەک بوونە لەدەست دا نییەو لە ئەوێستاش دا دیاردە بۆ چیێ خەلْکەوتەی شاری «رگا» نەکراوە. ئەز لەسەر ئەم باوەڕەم کەئەم بۆچوونە دەبێ هەلْبێ و رەنگە شارو ولاْتی «رگا»ی ئەڤێستا، کۆنە شارو تازە گوندی «لەج»ی شاروێرانی مەهاباد بێ. بۆ پتەوکردن و سەلماندنی ئەم باوەڕەشم لەپێشدا کورتە ئاوڕێک وەسەر ژیان و سەربووری زەردەشت دەدەین.

بەشێکی زۆری رۆژهەلاْتناسانی وەک دارمستتر، نۆلْدکە، نیبرگ، هرتسفلْد، برونوهنینک، راولینسۆن... تر لەسەر ئەم باوەڕەن کە زەردەشت خەلْکی ولاْتی ماد بووە. پروفیسۆر تیبرام جەکسۆن دەلْێ: زەردەشت لە باشووری گۆلی ورمێ لە دایک بووە. دیارە باشووری گۆلی ورمێش دەبێتە ناوچەی «پردی بەردە زەرد و مەمێند و شار وێران» سەر بە شاری مەهاباد.

جەکسۆن درێژە بە بیرووراکەی دەداو دەنووسێ: زەردەشت دەبێ لە دەوروبەری گوندێکی وەک خورخوڕەدا ژیابێ و بووبێ. ئەم گوندەش کە جەکسۆن باسی دەکا و وێنەی بلاْو دەکاتەوە، لەناوچی شاروێرانی، باکووری مەهابادایە. ئەم بۆچوونەش کە زەردەشت خەلْکی ناوچەی ماد بووە لەلایەن رۆژهەلاْت ناسان و ئەوێستا ناسێکی زۆرەوە تەئید کراوە، خودا لێ‌خۆشبوو «ایت الله مردوخ کوردستانی» لە مێژووەکەیدا. زەردەشت بە زەردەشتی مادی ناو دەباو «مشیر الدوله پیرنیا»ش زەردەشت بە خەلْکی ماد دەزانێ.

لە ناوچەو دەوروبەری گۆلی ورمێ ئێستاش هێندێ جێگا هەیە کە ئەم بیرو باوەڕانە پتر گومان بڕ دەکا. بۆ وێنە لەسەر رێگای ورمێ بۆ مەرگەوەڕ، لەنزیک گوندی ئامبی کۆنە قەبرێک هەیە، کە دەلْێن قەبری دایکی زەردەشتی یە. لەنێوچەی مەنگوڕان لە باشووری مەهاباد، کۆنە ئاوایەک هەیە پێ‌ی دەبێژن «ئاشۆگا» واتە جێگاو مەکۆی ئاشۆ. کە دیارە ناوی گچکەی زەردەشتیش «ئاشۆ» بووە.

جا ئەگەر بەر ئاوەردی ئەو دەستە لە رۆژهەلاْت ناسان و ئەڤێستا شارەزایان بە راست بدەینە قەلْەم. کە زەردەشت خەلْکی ماد بووە و بۆ چوونەکەی پروفیسۆر جەکسۆنیشی بدەینە پالْ کە پێ‌ی وایە زەردەشت لە باشووری گۆلی ورمێ ، واتە ناوچەی شاروێران ی مەهابادا ژیاوە،و کۆنە قەبری گوندی ئامبێ بە قەبری دایکی زەردەشت، و ئاشۆگای مەنگوڕان بە جێ ژیان و یادگاری زەردەشت بزانین، شیکاری باس و دۆزە کە کەمێک لە دەستان خۆشتر دەبێ و دەتوانین بە دلْنیاییەوە بپرژێینە سەر بۆ چوونەکەمان سەبارەت بە «لەج» یا «رگا»ی ئاڤێستا.

لەزمانە کۆنەکانی گەلانی ئێران و کوردی دا زۆرجار ئالْوگۆڕ بەسەر پیتەکان دادێ و جێ گۆڕ دەبن. ئەگەر لەم بارەوە سەرنجێک وەسەر وشە ناوی «ر...ا» بدەین پێم وایە پڕ بەپێستی وشە ناوی «لەج» بەدەست دێ.

پیتی «ر» و «ل» لە کوردیدا زۆرجار جێگۆڕ دەبن و دەبنە جێ نشینی یەکدی. بۆ وێنە ئێستاش لەناوچەی دەشتی مەرگەو پشدەر و هەولێردا، ئەم جێگۆڕی پیتی «ر» و«ل» هەرباوە. وەک مالْ دەبێتە مار یان دەریا بەبێتە دەلیا زریان دەبێتە زلیان... و زۆر شتی تر. هەروەها گۆڕانی پیتی «گ» و «ج» یش لەم گۆڕانکارییە بە دوور نیە. وەک «گاوان» بۆتە «جافان یا جاوان» مەگووس بۆتە «مەجووس» و ... جا ئەگەر پیتی «ر» و «گ»ی وشە ناوی «رگا»» وەبەر ئەم یاسایەی گۆڕانکاری پیتەکان لە زمانی کوردی دا بخەین.




کوردیەکانیش، وەکو (کوردستان)، (رۆژی کورد)، (یەکبوون)، (ژین)، (کوردستان) .. هتد، هەموویان بەزمانی عوسمانی و بەپیتی عەرەبی نووسراون. نەوەی ئەمڕۆی کورد لە کوردستانی تورکیا، لەو ئەلفابێ عەرەبییەو لەو زمانە عوسمانیە تێ ناگا. ئێ کوردەکانی عێراق و ئێرانیش، بام ئەگەر لە ئەلفابێ عەرەبییەکەش سەردەربکەن، بەلام دیسانەوە لەزمانە عوسمانی/ تورکیەکە تێ ناگەن! ئەم دیاردەیە، بەراستی، یەکێکە لە نامۆبوونە فەرهەنگیە هەرە گەورە پڕ مەترسیەکان.

نووسەرو رووناکبیرە تورکەکان، لەم بارەیەوە، لەزۆر زووەوە کەوتوونەتە خزیان: بەشێکی یەکجار فراوانی ئەدەبیات و بەرهەمەکانی خزیان -ئەوانەی کە تایبەتن بە ژیانی فەرهەنگی و نەتەوەیی خزیان- لەزمانی عوسمانی و ئەلفبای عەرەبییەوە هەڵیان گێڕاوەتە سەر زمانی تازەی خزیان. هەرچی ئێمەشین، تا رۆژی ئەمڕۆش، دەستەو ئەژنۆ، لێگەڕاوین ئەو گەنجینە هێژاو بەهادارەی - کە بەری داری نیو سەدەی تەواوی جموجۆڵی رووناکبیرانی کوردە- وردە وردە لەبیر بچنەوەو لە کۆتاییش دا سەرنگوون بن.

ئەمڕۆ کە ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕ و زمانزان و نووسەرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە وڵاتی (سوێد) یا بە شێوەیەکی گشتی لە ئەورووپا کۆبوونەتەوەو دەستیان دەگاتە هەر سەرچاوەو بەرهەمێکی بیانەوێت؛ نەمازە وا ئەمڕۆ یەکێتییەکیان بەناوی یەکێتی‌ی نووسەرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دامەزراندووە؛ پێویستە یەکێک لە پرۆژەکانیان ئەنجامدانی ئەم کارە مەزن و بایەخدارە بێت.

کورد لەوانەیە، لەهیچ سەردەمێکی دیکە، بۆی رێک نەکەوێتەوە ئەو هەموو دەستاوەرد و تواناو فرسەتەی پێکەوە کارکردن لە دەرەوەی کوردستانداو لە ئەورووپا وەدەست بخاتەوە.

پاریس
۱۹۹۰/۸

www.arsivakurdi.org

# نووسراوە عوسمانیەکان: گەنجینەیەکی فەرامۆشکراوی فەرهەنگ و مێژووی گەلی کورد

فەرهاد پیربال

لەساڵانی بیست بەولاوە، واتە لەگەڵ گوازرانەوەی بزووتنەوەی ئەدەبی و کولتووریەکەی کوردستانی تورکیا بۆ دیوی کوردستانی عێراق، هەروەها هاوکات لەگەڵ قەدەغەکردنی زمانی کوردی و بە لاتینی کردنی نووسین لە تورکیای کەمال ئەتاتورک دا (١٩٢٣)، گەلی کورد نەک تەنیا تووشی دەردی لێک جیابوونەوەی «نەتەوەیی» و فەرهەنگی و زمانی هات، بەڵکو بەشێکی یەکجار زۆری بەرهەمە فەرهەنگی و بڵاوکراوە ئەدەبیەکانیشی فەوتان، بوونە خۆراکی ئاگر، تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان نەبێ، ئەمڕۆ، تاک و تووک، لە کتێبخانەکانی هەندەران، لە ئەورووپا پارێزراون.

یەکێک لەو بەرهەمانە- کە لێرەدا دەمانەوێ باسی لێوە بکەین- نووسراوە عوسمانلی‌یە کانن.

ئاشکرایە، بەدرێژی سەدە کۆنەکان و تەنانەت تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمیش، زمانی کوردی، لەبواری پەخشاننووسین و وتارنووسین دا بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەکار نەدەهات. دەبینین، رووناکبیرو نووسەرانی کورد، لەو سەردەماندا، تەنانەت تا سەردەمی سەرهەڵدان و بووژانەوەی رۆژنامەگەری کوردیش (١٨٩٨-١٩٢٥)، هێشتا هەر پابەندی کولتووری عوسمانلی و فارسی و عەرەبین؛ وازیان لە نووسین بە زمانی بێگانە (بەتایبەتی بەزمانی عوسمانی) نەهێناوە.

هۆیەکانی ئەم بەزمانی عوسمانی نووسینە لەلایەن رووناکبیران و نووسەرە کوردەکان.، لەوانەیە (وێڕای قەدەغەبوونی زمانی کوردی) شتی تریش بێ: پێنەگەیشتنی زمانی ستانداری کوردی، نەبوونی زمانی زاراوە، دانەچەسپانی رێنووسی کوردی ... هتد.

ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین: دەوڵەمەندی و بایەخی ئەو نووسراوە عوسمانیانەیە، هەروەها پێویستی بەدووا گەڕان و دۆزینەوەو ساغکردنەوەیان، بەشێوەیەکی تر بابڵێین: پێویستی کۆکردنەوەو تەرجەمەکردن و لەچاپدانەوەیان. چونکە ئەم نووسراوانە، بەشێوەیەکی گشتی- هەم لەباری لێکۆڵینەوە مێژوویی‌یەکانەوە، هەم لە باری فەرهەنگی و ئەدەبی‌یەوە- بە گرنگترین دۆکیومەنت و سەرچاوە دانسقەکانی مێژووی شاراوای گەلی کورد لەقەڵەم دەدرێن.

ئەم نووسراوە عوسمانیانە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکرێن:

١- ئەو بەرهەم و کتێبانەی کە رووناکبیرە کوردەکان خۆیان نووسیویانە، بەشێوەی کتێب یا نامیلکەی سەربەخۆ لەچاپ دراون و بڵاوکراونەتەوە.

ژمارەی ئەو کتێب و بەرهەمانە، یەکجار زۆرە. هێندەی ئاگاشمان لێ‌بێ، بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا نووسراون. بۆ نوونە، بەرهەم و کتێبەکانی: کوردی زادە ئەحمەد رامزی. رەزا گۆگالب، جەلادەت بەدرخان، عەبدوڵا جەودەت، ئیسماعیل حەقی بابان..

٢- ئەو وتارو نووسراوانەی کە رووناکبیرە کوردەکان خۆیان، لە رۆژنامەو گۆڤارە تورکیە/ عوسمانیەکاندا نووسیویانە و بڵاوکراونەتەوە. بۆنموونە، وتارو نووسراوەکانی: عەبدوڵا جەودەت، عەبدولرەحمان بەدرخان، زینت الله نوشیروان، محمد میهری، پیرەمێردی شاعیر.. دەیانی تر، لەرۆژنامەو گۆڤارە تورکی عوسمانیەکانی وەکو (شهباڵ)، (اجتهاد)، (اقدام)، (عوسمانلی) .. هتد، یانیش لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانی ئەو سەردەمەدا.

٣- ئەو بەرهەم و کتێبانەی کە رووناکبیرو نووسەرە تورکەکان لەبارەی ئەلی کوردو ولاتی کوردان نووسیویانە، بەشێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە، یانیش هێشتا هەر بەشێوەی دەستنووس لە کتێبخانەکانی ئەستەمبوڵ پارێزراون و بڵاونەکراونەتەوە. بۆنموونە: (سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی)، کتێب و بەرهەم و دەستنووسە جۆراوجۆرەکانی (عەلی ئەمیری) کە لەبارەی ژیان و مێژووی گەلی کورد نووسیونی...

٤-ئەو وتارو پروپاگەندەو نووسراوانەی کە نووسەرە تورکەکان لە رۆژنامەو گۆڤارە عوسمانیەکانی خۆیاندا نووسیویانەو بڵاویان کردۆتەوە. هەندێکیان دەنگوباسی بزووتنەوەی سیاسی گەلی کوردو پروپاگاندەی ژی کوردن؛ لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی (شهبال)، (اقدام)، (اجتهاد)، (حقائق تاریخیەو سیاسیە) ... هتد.

بەلاتینی کردنی نووسین لە تورکیادا )ساڵی ١٩٢٣) خۆی لە خۆی‌دا بوو بە دیوارێکی ئەستوور لە نێوان رۆشنبیرانی کوردو مێژووەکەیان، رۆڵەکانی کورد لە کەلەپوورە فەرهەنگی و ئەدەبیەکەی خۆیان دابڕی. چونکە لەو ساڵە بەولاوە، تا رۆژی ئەمڕۆش، خوێنەری کورد و رۆشنبیرانی کورد ناتوانن سوود لەو کتێب و بەرهەم و بڵاوکراوانە وەربگرن کە بەرەباب و نەوەی رابردوو لەبارەی ژیان و نیشتمانی گەلی کورد نووسیویانە. هەر بۆیەش دەبینین، بۆ نموونە قۆناغی (١٨٩٨- ١٩٢٠)- سەرەڕای بایەخ و گرنگی‌یە مێژووییەکەی- بەڵام بە یەکێک لە قۆناغە ساغ نەکراوەو فەرامۆشکراوەکان لەقەڵەم دەدرێ: تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانین، شوێنی راستەقینەی خۆی لە بواری بووژانەوە فەرهەنگی و تازەبوونەوە ئەدەبیەکەدا دیاری نەکراوە.

ئەو نووسراوە عوسمانیە کۆنانە، تەنانەت بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ناو بڵاوکراوە

www.arsivakurd.org

1

«La Camera,

ritenuto che uno degli aspetti più inquietanti della nuova crisi mediorentale è quello che riguarda il destino del popolo curdo;

considerato che già durante il conflitto fra Iraq ed Iran le popolazioni curde furono vittime di massacri ed anche dell'uso di armi chimiche;

considerato anche che la questione curda è fra quelle da cui dipende la stabilità nella regione mediorentale;

preso atto che già il Governo francese ha avviato contatti con rappresentanti del popolo curdo;

impegna il Governo:

1) nel corso del semestre di presidenza italiana della Comunità a rispondere favorevolmente alla richiesta d'incontro fatta pervenire alla Presidenza del Consiglio ed al Ministero degli affari esteri;

2) a promuovere analoghi passi da parte degli altri governi nazionali della Comunità e della Commissione CEE.

(935062/5)

«Andreis, Boniver, Martini, Masina, Duce, Pellicanò, Salvoldi, Cicciomessere, Cima, Ronchi, Scalia»;

ئەمە دەقی ئەو دوکومێنتانەی
پەیوەندیان بەگەلی کوردەوە هەیە

2

PRESIDENTE. Sta bene, onorevole Visco.

L'onorevole Andreis ha facoltà di illustrare il suo ordine del giorno n. 9/5062/5.

SERGIO ANDREIS. Con l'ordine del giorno n. 9/5062/5, di cui sono primo firmatario, abbiamo voluto sottoporre all'attenzione dell'Assemblea un dramma della crisi del Golfo. Mi riferisco alla situazione dimenticata della popolazione curda.

I curdi hanno sofferto per i ripetuti tentativi di sterminio operati da vari paesi in quella regione e sono stati vittime dell'uso da parte dell'Iraq di armi chimiche durante la guerra contro l'Iran.

Più volte *Amnesty International* ha denunciato violazioni pesantissime nei confronti dei diritti di questo popolo.

Noi abbiamo presentato un ordine del giorno — per il quale con grande piacere abbiamo potuto raccogliere le firme di colleghi di quasi tutti i gruppi parlamentari — per chiedere che il Governo italiano, come già le autorità francesi, risponda positivamente alla richiesta di incontro che i rappresentanti del popolo curdo hanno fatto pervenire alla Presidenza del Consiglio dei ministri ed al Ministero degli esteri.

Noi speriamo che il Governo voglia accogliere questo ordine del giorno perché lo ripeto — al di là dei fenomeni più e denti, documentati sugli schermi televis e sui giornali, esiste la tragedia di mili di curdi, che hanno una grande cultura un grande passato e rischiano di essere vittime di tutti.

Speriamo pertanto che il Governo vo dichiarare la propria disponibilità in se umanitario a porre al centro dell'att zione tale questione *(Applausi dei depu del gruppo verde)*.

3

CLAUDIO VITALONE, *Sottosegretario di Stato per gli affari esteri*. Signor Presidente, Per quanto riguarda l'ordine del giorno Andreis n. 9/5062/5, chiarito che non risulta allo stato pervenuta alcuna richiesta nel senso suggerito dall'ordine del giorno, il Governo indica l'opportunità di una correzione, nel senso di sostituire all'espressione «richiesta di incontro» l'altra «richiesta di contatti». Ciò consentirebbe di realizzare delle concrete iniziative indipendentemente dai contatti che possono essere presi.

Inoltre, al fine di tener sempre presente l'esistenza di una situazione conflittuale in quell'area, sarebbe opportuno inserire nel dispositivo un punto aggiuntivo, che diventerebbe il 3), del seguente tenore: «a favorire il rispetto dei diritti umani di tutti i popoli e delle minoranze della regione, nel quadro dell'integrità territoriale degli Stati».

Se vi fosse questa integrazione, unitamente alla correzione poc anzi indicata, il Governo accoglierebbe l'ordine del giorno. Sarebbe invece costretto a respingerlo se permanesse l'attuale formulazione.

4

SERGIO ANDREIS. Signor Presidente, il mio gruppo accoglie le richieste del Governo formulate sugli ordini del giorno Andreis n. 9/5062/5, Cima n. 9/5062/6 e Salvoldi n. 9/5062/8. Nell'esprimere il nostro compiacimento per l'accoglimento da parte del Governo delle misure riguardanti gli ostaggi in Iraq e in Kuwait e per l'impegno sulla questione curda, non insistano per la votazione dei nostri tre ordini del giorno.

**دەقی ئەو دۆکومێنتزیانەی پەیوەندییان بە گەلی کوردەوە هەیە.**

----

*** تێبینی**

**١- دەقی ئەم باسانە بەپێی دەسکاری لە**
Atti Parlamentari: Resoconto Stenografico
27/9/90 **وەرگیراون.**

**٢- وەرگێڕی ئەم باسانە، بەیانی ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٢٨ بەتەلیفۆن بەناوی خۆی و کوردەکانی ئیتالی سوپاسێکی گەرمی بەڕێز سێرگیۆ ئەندرێیس و ئیمزا کەرانی پێشنیارەکەی کرد.**

**ئیتالیا-پیزە**
**١٩٩٠/١٠/٥**



www.arsivakurd.org

مافەگانی گەلی کورد دەربڕی.

***

# پێشنیاری رۆژ

ژ ٩/٥.٦٢/٥
١٩٩٠/٩/٢٧
پەرلەمان:

ئاشکرایە یەکێک لە دیاردە هەرە دڵتەزێنەکانی کێشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردەوە هەیە.

*بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە لە کاتی جەنگی ئێران و ئێراق، کۆمەڵانی خەڵکی کورد، تەنانەت بە چەکی کیمیاییش قڕکراون.

*بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێشەی کورد، یەکێکە لەو کێشانەی کە ئاشتی‌و ئاسایشی ناوچەی رۆژهەڵاتیان پێوە بەندە.

*بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە حکومەتی فەرەنسی پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد بەستووە.

## داوا لە حکومەت دەکات:

١- بۆ ئەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتی ئیتالیا لە «بازاڕی هاوبەش» بەشێوەیەکی پۆزەتیف وەڵامی داواکاری چاوپێکەوتن بداتەوە کە لەلایەن نوێنەرانی گەلی کوردەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوە کراوە.

٢- کارێکی وا بکا بۆ ئەوەی هەمان داواکاری لەلایەن حکومەتەکانی بازاڕی هاوبەشەوە جێبەجێ بکرێ.

ئیمزا کراوە لەلایەن

(Andries, Boniver, Martini, Masina, Duce, Pellicanò, Salvoldi, Cicciomesseri, Cima, Ronchi, Scalia)

هەر یەک لەم ئیمزاکەرانە، سەر بەگروپێکی پەرلەمانی ئیتالیایە، واتە تەواوی پەرلەمان پشتگیری خۆی لەم داوایە دەکات.

«وەرگێڕ».

روونکردنەوەی پێشنیار لەکاتی گفت وگۆی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز سێرگیۆ ئەندرێیس Sergio Andreis

« بەپێشنیاری رۆژ ژ٩/٥.٦٢/٥ کەخۆم یەکەم ئیمزاکەرم. دەمانەوێت یەکێک لە کارەساتەکانی کێشەی کەنداو بخەینە بەردەم پەرلەمان، مەبەستم بارودۆخی لەبیرکراوی گەلی کوردە:

حکومەتەکانی ناوچەکە زۆرجار هەوڵیان داوە قڕانی کوردەکان بکەن، لەعێراق کوردەکان بوونەتە قوربانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی:

زۆرجار لێبووردنی جیهانی «ئەمنیستی» تاوانی گەورەی دژ بەم گەلە مەحکوم کردووەو رایگەیاندووە،

ئێمە کە ئەم پێشنیارەمان پێشکەش کردووە «بەشانازی و دڵخۆشییەوە، توانیومانە ئیمزای نوێنەرانی نیزیکەی هەموو گروپەکانی نێوپەرلەمان کۆبکەینەوە»، بۆئەوەی داوا لە حکومەتی ئیتالیا بکەین، وەڵامێکی پۆزەتیف بۆ رێکخستنی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد بداتەوە، هەروەکو چۆن حکومەتی فەرەنسی ماوەیەک لەمەوپێش جێبەجێی کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرانی کورد داواکارییەکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوە کردووە.

ئێمە ئاواتە خوازین کە حکومەت ئەم پێشنیارە قبووڵ بکا..... دووبارەی دەکەمەوە ... جگە لەو دەنگ و باسە ئاشکرایانەی وەکو دۆکومێنتۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی رۆژنامەکان پێشان دەگا، تراژیدیای ملیۆنەها کورد لە ئارادایە، کوردەکان کە خاوەنی کولتوورو رابردوویەکی مەزنن، مەترسی ئەوە هەیە ببنە قوربانی هەموو لایەک.

لەبەر ئەوە هیواداربن حکومەت ئامادەیی خۆی لەروانگەی مرۆڤایەتییەوە پیشانبدا و گرنگی بە مەسەلەکە بدا».

--

سێرگیۆ ئەندرێیس؛ سەرۆکگروپی سەوزەکانە Gruppo Verde

بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی دەستپێشخەرو یەکەم ئیمزاکەری پێشنیارەکەیە، بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمانی ئیتالی، دەبێ ئەو بەناوی هەمووان قسەبکاو پێشنیارەکە بخاتە بەردەم پەرلەمان. «وەرگێڕ».

## وەڵامی حکومەت

لەلایەن کلاودیۆ ڤیتەلۆنێ Claudio Vitalone سکرتێری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە:

[ دەربارەی پێشنیاری رۆژ ژ ٩/٥.٦٢/٥ (١٩٩٠/٩/٢٧)، رادەگەیەنم کە تاکو ئێستا هیچ جۆرە داواکارییەک «داواکاری نوێنەرانی گەلی کورد بۆ چاوپێکەوتن. وەرگێڕ» بە حکومەتی ئیتالی نەگەیشتووە، بەڵام حکومەت بەپەسەندی دەزانێ وشەی «داواکاری چاوپێکەوتن» بگۆڕدرێ بۆ «داواکاری پەیوەندی بەستن». ئەم دەسکارییە رێگەی ئەوەمان پێ دەدات چەند هەنگاو چالاکییەکی کۆنکرێت جێبەجێ بکەین، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندییانەی کە دەتوانرێت بگیرێن.

هەروەها لەبەر ئەوەی بارودۆخێکی ئاڵۆز لەناوچەکەدا لە ئارادایە، بە پەسەندی دەزانم خاڵێکی تر«٣» لە پێشنیارەکە بەم شێوەیە زیاد بکرێ:

«هەوڵدان بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و هەموو گەل و کەمەنەتەوایەتییەکانی ناوچەکە لە چوارچێوەی رێزگرتن لە سیادەتی وڵاتەکان».

ئەگەر ئەم دەستکاری و زیادکردنەی سەرەوە جێبەجێ بکرێن، ئەوە حکومەتیش پێشنیارەکە قبووڵ دەکاو هەوڵی جێبەجێ کردنی دەدا. ئەگەر وەکو خۆشی بمێنێتەوە ئەوە ناچار رەتی بکاتەوە ].

www.arsivakurdi.org

# هەڵوێستی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی و پەرلەمانی ئیتالی بەرامبەر بە کێشەی گەلی کورد

ئامادە کردنی: جاسم تۆفیق

ڕۆژی ١٩٩٠/٩/١٩ کۆمیسیۆنی سیاسی پەرلەمانی ئەوروپی بەسەرۆکایەتی جیوفانی گوریە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لەشاری رۆما بەست: لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا جۆلیۆ ئەندریۆتی کە ئێستا سەرۆکایەتی بازاڕی هاوبەشی بەدەستەوەیە، بەشداری کردو بەدرێژی باسی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و مەسەلەی داگیرکردنی کوێت کرا. لە ئەنجامی پرسیارێکی ئەلێکساندەر لانگەردا «ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی و ئیتالی، سەر بە گروپی سەوزەکان» دەربارەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی گەلی کوردو پێویستی دەست پێشخەری بازاری هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە. ئەندریۆتی لە وەڵامدا گوتی:

– بەداخەوە رای گشتی جیهانی ، بەگشتی و ئەوروپا بە تایبەتی لە کاتی جەنگی ئێراق و ئێراندا بە ئەنقەست چاویان لە تراژیدیای کوردەکان پۆشی. ئەوەش لەترسی سەرکەوتنی ئێران بوو، کوردەکان دەمێکە بەدەست دەوڵەتەکانی ناوچە دەچەوسێنرێنەوە. مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزەو پەیوەندی بە وڵاتانی ئێراق، ئێران، تورکیا، سوریا و شوورەوی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرشانی «مجتمع الدولی» بەگشتی و ئەوروپا بە تایبەتی بریتییە لەوەی چی تر خۆیان لەو راستییە گێل نەکەن و هەوڵ بدرێت چارەسەرێکی بەئاشتی و سیاسیانەی لە چوارچێوەی چارەسەرێکی گشتی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بدۆزرێتەوە».

ئەندریۆتی شتی تریشی دەربارەی کورد گوت، بەڵام گرنگەکەی ئەمەی سەرەوەیە.

ئەم باسە «گفتوگۆی کۆبوونەوەکە» یەکسەر ، راستەوخۆ لەسەر رادیۆی رادیکاڵەکان بڵاوکرایەوە. بەشێکی وەڵامەکەی ئەندریۆتی لەسەر کورد تۆمار کراوەو لای ئامادەکەری ئەم راپۆرتەیە.

***

## مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی ئیتالی

لە رۆژی ٢٦.٢٧/٩/١٩٩٠ دیباتیتۆیەکی فراوان لە پەرلەمانی ئیتالی دەربارەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و داگیرکردنی کوێت بە تایبەتی کرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا، جگەلە کێشە کلاسیکییەکان، بەشێوەیەکی پۆزەتیف باسی مەسەلەی کورد کرا.

ئەمە جاری دووەمە لە ماوەی ٣ ساڵدا لە پەرلەمانی ئیتالیدا باسی کورد بکرێت.

١- جاری یەکەم لە رۆژی ١٤/١٠/١٩٨٧ بۆ ماوەی دووسەعات دیباتیتۆیەک دەربارەی جەنگی عێراق و ئێران و گەلی کورد کرا. گفت و گۆکەش یەکسەر راستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن پیشاندرا.

٢- جاری دووەم، لە رۆژی ٢٧/٩/١٩٩٠ پێشنیارێک لە سەر بارودۆخی گەلی کورد لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی زۆربەی گروپەکانی پەرلەمانی ئیتالی پێشکەشکرا.

زۆربەی وتاردەرەکان دووپاتەی ئەوەیان کردووە کە: « مەسەلەی کورد یەکێکە لە مەسەلە گەورەو گرنگەکان کە ئاشتی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراستی پێوە بەندە و پێویستە چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ بدۆزرێتەوەو گەلی کورد بە مافی چارەنووسی خۆی بگات».

SERGIO ANDREIS. GIANCARLO SALVOLDI. EDOARDO RONCHI. GIOVANNI RUSSO SPENA. FILIPPO CARIA

فیلیپۆ کاریە کە سەر بە گروپی سۆسیال دیمۆکراتەکانە، گوتی:

« هەڵس و کەوتی سەدام و کارە درندانەکانی وەکو هی هیتلەر وایە، ئەوەندە بەسە بیر لەوە بکەینەوە چی بەسەرگەلی کورد هێناوە، کە سێیەکی دانیشتوانی عێراقن، دەبێ کارێکی وا بکەین ئەم گەلە بەئازادی خۆی بگات.....هتد».

شایانی باسە، کاریە لەکاتی خۆی، لە رۆژی ١٤/١٠/١٩٨٧، وتارێکی زۆر بەسوودی دەربارەی گەلی کورد لە پەرلەمان خوێندەوەو زۆر بە دڵسۆزی پشتیوانی خۆی لە



www.arsivakurdi.org

زۆر جار لەو کاتەدا .. یا دەرفەتێکی گەورە لەدەست دراوە..!! یان سیاسەتمەدارانی گەلەکەمان سەریان تیاچووە.. کە شەهید دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو نمونەیەکی زیندووە لەپێش چاوی هەمووان..

نازانم بۆچی ڕێبەرو سیاسەتمەدارانی گەلەکەمان.. پەند لەو هەموو هەڵە یەک لەدوای یەکانە وەرناگرن..؟؟

نازانم بۆ تاکو ئیمڕۆ دەست بەرداری (ئۆتۆنۆمی) نابن و هەر لەو رووبەرە تەسکەدا دەخولێنەوەو گێرە دەکەن؟؟..

ئەگەر چی لە نزیکەوە لەگەڵیان بدوێیت ! دەبینی کە بڕوای تەواویان بە دروشمی پارتەکەیان نییە (کەئۆتۆنۆمی)یەو لافی (مافیچارەنووس) لیدەدەن. بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە وەکو (حیزب) ئەو داواکارییە سواوە رەش بکەنەوەو داوای مافی چارەنووس بکەن... دەبێ بەلاسایی کردنەوەی دروشمی هەندێ حیزب و ڕێکخراوی تری بزانن و چاویان بەرایی نەدات هەمان دروشمی ئەوان بەرزبکەنەوە..؟؟ یا ئەوەتا ئەو دروشمە بە کارێکی گەورەتر لەتوانای خۆیان بزانن!!

شتێکی دیار و ئاشکرایە کە میللەتی کورد.. خواستیاری لەبن هەڵتەکاندنی ئەو سنورە دەستکردانەیە کە گەل و نیشتمانەکەمانی لەت لەت و بەش بەش کردووە..!! بەڵام جێگای داخ و پەژارەیە کە تاکو ئێستا نەتوانراوە لەیەکێ لەپارچە داگیرکراوەکانی کوردستاندا و لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا ڕێک بکەون لەسەر بەرزکردنەوەی یەک دروشم کە ڕەنگدانەوەی خۆزگەو ئاواتی گەل بێت.

جێگای داخیشە کە تا ئێستا وەکو پێویست هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنراوە لەلایەن (حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان)ی یەکێ لەپارچەکان بۆ یەکخستنی خەباتەکەی لەگەڵ پارچەکانی ترا!! یان کۆبونەوەیان لەژێر یەک ئاڵاو یەک دروشم؟؟

خۆزگە ڕۆژێ زووتر ئەم هەنگاوە دەنراو بەرژەوەندی حیزبایەتی یان ڕێبەرایەتی پشت گوێ دەخرا. چونکە هەر لەو ئاسۆیەوە هەتاوی ڕزگاری گەلەکەمان هەڵدێت!! بەرزدەبێتەوە

**پاکستان**

**١٩٩٠/٩/٢٢**

# ئاگاداری

# کوردستانی وێرانکراو

(کوردستانی وێرانکراو) پێشانگای ئەمجارەی (هونەر خەفاف)ە لە هۆڵی شیستا ترێف ١٧-١٨ ی دیسامبەر کاتژمێر ١٣ تا ١٩ .
نزیکەی چل تابلۆ، بەزەیت ، ئاوی، پاستیل و پێنووسی رەش دارێژراون زۆربەی تابلۆکان ئاوێنەی ملیۆنان مرۆڤی بێکەسن کە تەنانەت بچوکترین مافی مرۆڤایەتیشیان نییە... هاواری ئەوانەیە کە بۆیان نییە وەک کورد هەبن و بە تورک و بەعەرەب و بەفارس دەکرێن و لەسەرخاکی هەزاران ساڵیان پەنابەرن.
دەربارەی ئەو منداڵانەیە کە هێشتا لەدایک نەبوون دەمرن. دەربارەی بۆمبای کیمیایی یە کە تەکنۆلۆژیای دنیا پێی گەیشتووە و خوێنی گەشی منداڵانی کورد دەمەیەنێت.

---

**هونەرخەفاف**

ساڵی ١٩٦٦ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە.
بەشداری چەند پێشانگایەکی تری کردووە و پێشانگایەکی تایبەتیشی لە ئەڵمانیای ( ڕۆژئاوا ) کردۆتەوە.
ئەزموونی هونەری لەساڵی ١٩٨٤ ەوە دەست پێ دەکات.

هاتنتان پشتگیری کردنە لە دژایەتی کردنی ئاوانباران.

دیاره قایل بوونی ئێرانیش بەبڕیاری ڕژێمی بەعس لەم زرووفە (حەساسە)دا دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەیەک هۆ :-

١- وەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی تەواو لە جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراقداو لەپاش خۆڕاگرتنی دوو ساڵەی نەجەنگ نە ئاشتی لە پێناوی دان پێدانانی عێراق بەم بڕیارەی کە ئیمرۆ دەری کرد کەبریتییە لە مل کەچ کردن بۆ هەموو بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥.

٢- گەڕانەوەی دیلە سەربازەکانی بۆناو کەس و کارەکانیان. کەلەوانەیە چەند جارێک دەستیان دابێتە دەربڕینی دەنگی توڕەیی و بێزاری. یان هەڵپێچانی دام و دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ لێپێچانەوە لە چارەنووسی ڕۆڵەکانیان کە هێندێکیان (مۆمی هەشت ساڵی تەمەنی دیلیان) لە گرتووخانەکانی عێراق کوژاندۆتەوە. جا ئەم چۆک دادانانەی ڕژێمی عێراق وەک چارەسەرێک بۆ ئەم گیروگرفتە خستیە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

٣- دوور خستنەوەی سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراق لە مەترسی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان. کە زۆرجار و بەبەردەوامی لە سنووری عێراقەوە دەستیان لە سوپاو دام و دەزگاکانی دەوڵەت دەوەشاندو بنکەو بارەگاکانیانیش لەسەرخاکی عێراق بوون و لەلایەن ڕژێمی عێراقیشەوە یارمەتی و چەکیان وەردەگرت و لەدژی ڕژێمی ئێران بەکاریان دەهێنا. بڕینی یارمەتی لێیان و دەرپەڕاندنیان لە خاکی عێراق دەبێ بەهۆی لاواز کردنی ئەو هێزانەو پاشانیش لەناوبردنیان.

٤- لەبواری گەشە سەندنی باری ئابووریشەوە.. بوون بە خاوەنی (تاپۆ)ی نیوەی ئاوی کەنداو و ماوە پێدانی بۆ بەکارهێنانی کەشتی ڕانی و پیاهێنان و ڕەتکردنی کەل و پەل و کاڵا و پیترۆڵ. بەکارێکی بایەخدارو دەستکەوتێکی مەزن لێک دەدرێتەوەو حیسابی بۆ دەکرێت. هەر بە هۆی ئەم دەستکەوتەوە دەتوانرێ باری ئابووری تێک چووی چاک بکاتەوەو لە هەموو ڕوویەکەوە سوود لەو هەرێمە ئاوییە وەربگرێت.

٥- پشتگیری کردنی حکومەتی کوێت لە ڕژێمی عێراق لە ماوەی هەشت ساڵی جەنگدا داخێکی گرانی خستبووە دڵی ئێرانەوە و تۆڵە سەندنەوەیەکی پاشەڕۆژیان لەدڵدا حەشار دابوو. کە ڕۆژێک لەڕۆژان گورزێکی کوشندە لە حکومەتی کوێت بوەشێنێت. ئەوەتا ئیمرۆ بەدەستی عێراق ئەو گورزە وەشێنراو ئەم تەنگوچەڵەمە گەورەیەی کە عێراقی تێ خراوە دوور نیە بخرایەتە کۆڵی ئێران. لەکاتی دەست درێژی کردنیا بۆ سەر کوێت. ئەمڕۆ ماسیيان بۆ ئێران گرتووە بێ ئەوەی لەشی ئێران تەڕبێ!!

٦- کۆماری ئیسلامی ئێران کە تاکە وڵاتێکە توانی بەئاشکرا دژایەتی سیاسەتی ئەمریکا بکات و بەرژەوەندییەکانی بخاتە ژێر مەترسی ڕاستەو خۆوە.

ئەوەتا ئیمرۆ ڕژێمی عێراقیش ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ .. یان وەکو چەواشە کردنی بێ! لەڕووی سوپاو سیاسەتی ئەمریکا وەستاوەو هەمان هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەرگرتووەو .. بەرژەوەندییەکانی ئێرانیش بەناڕاستەوخۆ لەناوچەکە دەپارێزێت!!

بەڵام پێویستە حکومەتی ئێران ڕوکەشانە نەڕوانێتە ئەم مەسەلەیەو ئەم خۆ لێکنزیککردنەوەیە!. چونکە ئەم زرووفەی ئەمڕۆی کەنداو بۆتە کۆمەڵە داوێکی لێک ئاڵۆزکاو و مرۆڤ ناتوانێ بەئاسانی سەری داوەکان بدۆزێتەوە کەئەویش ڕێژەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم ململانێ‌کردنەیە!! دوورنیە ئەمەش (گەمە)یەکی ئەم سەردەمەی سیاسەتی جیهانی نەبێت!!!

ئەگەر بێت و عێراق بەم شێوەیە هێرشی نەکردبایەتە سەر کوێت و داگیری نەکردبایە.. ئەوا بە (١٠٠)ساڵی تریش سوپاو هێزی بیانی بەتایبەتی (ئەمریکی و بەریتانی) نەیاندەتوانی وا بەئاسانی بنکە سەربازییەکانیان بخەنە نێو خاکی (سعودیە)و بێنە پاسەوانی ئەم جێگا ستراتیژییەی کە پێگەیشتنی وەکو هێنانەدی خەونێک بوو بەلایانەوە، کەچی ئیمرۆ لە چاوتروکاندنێکدا بەواقیعی هاتەدی. بەڵام پاشەڕۆژ حکومەتی سعودیە باجی ئەم پەل ڕاکێشانە دەداتەوە، چونکە زۆر زەحمەتە چاویان بەرایی بدات و ئەم (ئاوی حەیات)ـە بەجێبهێڵن..!!؟

بەدووریی نازانم کە ئەو کارەساتەی هەشت ساڵی جەنگ بەسەر هەردوو گەلەو ئێران و عێراقدا هێنرا.. ئەگەر ڕۆژگار مەودای سەرانی ڕژێمی ئەمڕۆی عێراق بداتەوە هەر کە بۆی بلوێتەوە لەماوەی چەند مانگێکدا دووبارەی دەکاتەوەو باجەکەشی بەگرانتر دەکەوێت لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران و میللەتی کوردیش ئەگەر لەم زرووفە ناسکەدا دەستی هاوخەباتی بخاتە نێو دەستی ڕژێمەوە.. بەدووری نازانم کە ڕژێم لەئەنجامی تەسک بوونەوەی دەسەلات و توند بوونی ئابلوقەی ئابووری بانگ ڕاهێشتنی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی خوارو بکات و هەمان بەڵێنی ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٨٣-١٩٨٤ دووبارە بکاتەوەو بیخاتە سەر ڕووی لاپەڕە زەردەکانی خۆی.. هەرچەندە چوونە دەنگەوەی ڕژێم یان (بەرەوپیرچوونی) لایەنە کوردستانییەکان.. یان لایەنێکو دوانی بزووتنەوەکە.. بەزیانێکی گەورە دەگەڕێتەوەو کاردەکاتە سەر ڕەوتی بزووتنەوەکەو سەرجەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. لەدەست دانی ئەم هەلە.. وەک ئەو هەلە گەورەیەی کەلەکاتی شەڕی عێراق و ئێران لەدەست درا.. کاریگەرێکی سەلبی و چاوەڕوان‌نەکراو دەکاتە سەر پاشە ڕۆژو چارە نووسی گەلی کورد..

هەڵەی سیاسەتمەدارانی گەلەکەمان تاکو ئیمرۆ دەست بەرداری نەبوونە.. متمانەی تەواو کردنە بە وشە بریقەدارەکانی داگیرکەرەکانمان و بەهەردوو دەست چوونیانە بۆ هەر وتووێژێک یان هەر گفتوگۆیەک (مفاوضات).. کە هەمیشە دڵ سافیان لەبەرامبەر نیەتە گڵاوەکانی داگیرکەران بەتایبەتی لەکاتی (دەست پێکردنی وتووێژ) لە پێناوی چارە سەرکردنی کێشەکە لەسەر مێزی گفتوگۆ!!

www.arsivakurdi.org

دژی (ئیسرائیل) بەکار دەهێنێت. بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو درۆو دەلەسەیە و پەردە هەڵدانەوە لەسەریان. یارمەتی دانی ناراستەوخۆی مەسیحییەکانی لوبنان و ئامادەیی عێراق بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرانی ئیسرائیل دووبەڵگەی زیندوون و وتەو هەڕەشەکانی ڕژێم جگە لە چەواشەکردنی ڕای گشتی عەرەبی و ئیسلامی بەولاوە هیچ مەبەستێکی تری نییە!! کەرەنگ دانەوەی بەوەفایی و بەتەنگەوە هاتنی بێ بۆ گەلی فەلەستینی لە مێژینە داگیرکراو.

ئەو هەڕەشە توندو تیژەی کەلە ئیسرائیلی دەکرد. بە کردەوە لەسەر کوێت ی هاوزمان و موسڵمان و دراوسێی ئەنجامی دا.. دیارە داگیرکردنی کوێت بەلای ڕژێمی عێراقەوە ئازاد کردنی قودس و فەلەستینە! دەربەدەرکردنی گەلی عەرەبی کوێتی دراوسێی بە دەرپەراندنی ئیسرائیلییەکان دەزانێ؟!

هۆیەکانی دان نان بەبڕیارەکانی (الجزائر)ی ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن سەدام حوسێنەوە.

١- نەبوونی توانایەکی ئەوتۆ کە لە دوو بەرەی بەرفراوان و لەیەکتر دوورەوە لەدژی دوو وڵات و هەندێ بەرهەڵستکاری ناوخۆ بجەنگێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بەتایبەتیی پاش کشانی هێزەبیانییەکان و جێگیربوونیان لە وڵاتی سعودیە بەناوی پارێزگاری لە سعودیە و بەرژەوەندیە تایبەتییەکانیان . جگە لە هێزی ژمارەیەک وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و سەپاندنی بڕیاری (ئابڵوقەدانی) ئابووری و سەربازی و سیاسی لەسەر عێراق . کە مەترسییەکی گەورەی خستە سەر ڕژێم و بە پێویستی زانی (کێشەکەی لەگەڵ عێراق)دا بۆ ماوەیەک بەنج بکا! تا بەو هۆیەوە بتوانێ ئەو سوپا زۆرەی کە لە سنوورەکانی ئێران و عێراق و نێوخاکی ئێران بگوێزێتەوە بۆ بەرەی کوێت و سنووری سعودیە .ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە دەبێ بە هۆی بڕینی ئەو یارمەتی و چەک و جبەخانەیەی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەدرا بە شۆڕشی کورد و هەروەها پەرت و بڵاوە پێ کردنییان . یان بە کورتی هێنانە پێشەوەی (هەرەسێک)ی ترا!

٢- خافڵاندنی هێزی سەربازی بە پارێزگاریکردنی جێگایەکی ستراتیژیتر کە ئەویش (کوێتی پڕ لە پترۆڵ)ـە. مانەوەیان لەسەر سنوورەکانی ئێران عێراق سودێکی ئەوتۆ ناگەیەنێ و هەرکاتیش لەداگیرکردنی کوێت سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەوسا کارێکی گران نییە لەلای ڕژێم کە جارێکی ترو لەماوەیەکی کەمتردا هەڵبداتەوە سەر خاکی ئێران! چونکە توانای سەربازیی ئێرانی بۆ دەرکەوت و کێشای لەماوەی هەشت ساڵی جەنگدا.

٣- دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماسی و سەربازی و بازرگانی.. تابتوانێ لەڕێگای ئێرانەوە کەمێک لە پێداویستییەکانی دەست بکەوێ چ لەڕێگای خودی ڕژێمەکەوەبێ یان بەڕێگای (قاچاغ). تابتوانێ بەهۆیەوە کەمێک لە گیروگرفتی کەم خۆراکی و کەڵو پەلەکانی تر ڕزگاریبێ.. ئەویش بەدژایەتی کردنی (ئەمریکا)، (بەریتانیا)و هەندێ وڵاتی تر. کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەمێژە لە ڕویان وەستاوەو و بەرژەوەندییەکانیانی خستۆتە مەترسییەوە. هەروەها بەبەرزکردنەوەی ( دروشمی خەبات لە دژی کافران( لەلایەن خودی (سەدام حوسەینەوە) کە دەشێ بەو دروشمە بریقەدارە بتوانێ سەرنجی (ئێرانی ئیسلامی) و ژمارەیەک وڵاتی ئیسلامی بەلای خۆیدا رابکێشێت و ئەگەر ڕۆژگاریش مەودا بدات ئەوا دەبینین و دەبیستسن!!

٤- چەواشەکردنی ڕای گشتی جیهانی بەوەی کە عێراق نایەوێ جارێکی تر شەڕ لەگەڵ ئێراندا بکاتەوە و ئامادەیە دان بە بڕیارەکانی خۆیدا بنێ و جێ بەجێی بکا لەپێناوی سەپاندنی ئاشتی و ئاسایش لەناوچەکەدا.. هەروەها مل کەچی بڕیارەکانی جیهانی و نێونەتەوەییە! بەڵام بۆ داگیرکردنی کوێت چۆن وەڵامی ڕای گشتی جیهانی و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی و یاساو بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەداتەوە؟؟.. چ بڕو بیانوویەک دەهێنێتەوە؟ تۆبڵێی بێ سێ‌ودوو لێکردن (سەرانی ڕژێم) بڵێن دەمانەوێ سنووری وڵاتانی عەرەب هەڵبگرین و ئامادەشین ببینە ڕێبەری نەتەوەی عەرەب!؟..!!

٥- ڕێگا برین لەبەردەم هەڵاتنی کوردەکان لە ریزەکانی سوپا. چ بۆ نێوخاکی ئێران چ بۆ پەیوەندی کردن بە شۆڕشی کوردو هێزە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان.. هەروەها بە سەقامگیربوونی پەیوەندی پتەوی عێراق و ئێران ، دوورنییە هێزە سیاسییەکانی عێراق ناچاری خۆ بەدەستەوەدانی ڕژێم ببنەوە یان فشارێکی ئەوتۆیان بکەوێتە سەر کە ناچاربکرێن بە ڕێکەوتنێکی مام ناوەندی ڕازی بن، یان لایەنێک، دوانی .. ملی ڕێگای خۆ بەدەستەوەدان بگرێتە بەر. ئەوکاتەش بە ئارەزووی خۆی ملیان دەقرتێنێ یا وەک ئامێرێک لە جەنگی (قادسیەی سێهەمدا) بەکاریان دەهێنێ. سەرەرای دروستکردنی ناکۆکی و پارچە بوون لەریزی لایەنەکانی (بەرەی کوردستانی) کە لە مێژە لەو پێناوەدا ڕژێم بێ وچان هەوڵ دەدات.

٦- گەڕانەوەی پتر لە (٥٠) هەزار سەربازی دیل و دووبارە ئامادەکردنەوەیان بۆ سەربازی و بەمەش کەلێنێکی تر پڕ دەکاتەوەو ڕێژەی سەربازەکانی پتر دەبێ. لەلایەکی تریشەوە گیروگرفتی کەسوکارەکانیان کۆتایی پێ دێت.

٧- لەیەک ترازاندنی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و سوریا ، کە لەمێژە پێوەندیەکی دۆستانەو هاوبەشانەیان پێکەوە گرێ داوە. بەتایبەتی لەماوەی هەشت ساڵی جەنگ کە سوریا یارمەتیەکی تەواوی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دا. ئەمرۆ لەپاش دان پێدانانی ڕژێمی عێراق بە بڕیارەکانی ڕێکەوتننامەی (جەزایر)ی ساڵی ١٩٧٥دوور نیە پێوەندی دۆستانەی ئێران و سوریا تێک بچێ و لەیەکتری دوور بکەونەوە. کەئەمەش یەکێکە لە خۆزگەو هیواکانی ڕژێمی عێراق.



www.arsivakurdi.org

# هۆیەکانی داگیرکردنی کوێت لەلایەن رژێمی (عێراق)ـەوە.

شوانی

١- مەسەلەی ئابووری که دەتوانرێ بە گرنگترین خاڵی ئەو پەلامار و داگیرکردنە بژمێردرێ. رژێمی عێراق لە ئەنجامی شەڕی کاولکارانەی هەشت ساڵەی کەوتە ژێر قەرزێکی ئەوتۆوە کە نەتوانێ هەروا بە ئاسانی لەژێریا رزگارییبێ!! لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستی بە بەرهەم هێنانێکی ئەوتۆ بوو کە بەر لە دەست پێکردنی (جەنگەکە) وەبەرهەم دەهێنرا. کە لەو کاتەدا تەواوی کۆمپانیا نەوتی و پالفتگاو بەندەرەکانی عێراق بەردەوام کاریان دەکرد. کەچی سەپاندنی شەڕی هەشت ساڵە بوویە مایەی لەکار خستن و سووتان و تەقینەوەی زۆربەیا یاخوو وەستاندنییان بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکانیان لەکاتی کەوتنە بەر موشەک و هێرشی فڕۆکەکانی ئێرانی - سەرەرای کەم بوونەوەی کەشتییە بار هەڵگرەکان کە (کاڵا)یان دەهێناو دەبرد. بەهۆی دژواری ناوچەکەوە. لەگەڵ لەکارخستنی هەندێ لە بۆرییە نەوتەکانی... سەرجەمی ئەمانە بونە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر باری ئابووری..جا رژێم بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەموو قەرزە کە لەرادەبەدەربوو. کە دەشیزانی ناتوانێ بەئاسانی و لە ماوەیەکی کەمدا هەمووی بداتەوە و خاوەن قەرزەکانیش تەنگیان پێ هەڵچنی بوو.. جاوەکو رێگا چارەیەک بۆ پڕکردنەوەی ئەو قەرزانە بیری لە داگیرکردنی کوێتی دراوسێی کردەوە کە دەتوانێ لە ماوەی چاوترووکاندنێکا دەستی بەسەرا بگرێت و داگیری بکا و ببێ بە خاوەنی ئەو هەموو سامانە زۆرەی ( کوێت) و بە ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێ، کە وەک خەزێنەیەکی دزراوە دەبیت و بەم کارە دەتوانێ قەرزەکانی بە ئاسانی بداتەوە. بەڵام وەک هەمیشە (حیساباتە وردبینانەکەی) - حسابات الدقیقە- خودی سەدام بە هەڵە دەرچوو... رژێم وای دەزانی کوێتیش کوردستانە کە سوتماکی بکات و هیچ کەس یەخەی نەگرێ و گەلی کوردە هەرچی دەست بکەوێ بیکوژێت و کەس پێی نەڵێ چیت کرد...!؟ ئەمرۆکەش لەپاش بەدەنگ هاتنی جیهان.. لەپاش دەرکەوتنی نیشانەکانی کارتێکردنی گەمارۆدانەکە.. دەیەوێ پەنجەی پەشیمانی بگەزێت و نازانێ چۆن بڕیاری ( پاشە کشە کردنی هێزەکانی لە کوێت بدات).. بەڵام ئەمڕۆ بێ یا سبەی تفەڕۆکراوەکەی بە مەمنونییەوە هەڵدەگرێتەوە! چونکە پیشەی ئیمڕۆی نییە ؟!

٢- پەیدا کردنی مەترسی کودەتای سەربازی ... تێوەرکانی سوپا بەشەڕەوە دەبێتە هۆی سەرنەگرتن و لەبەریەک ترازاندنی پلان و نەخشەکەو کاتی ئەنجامدانەکەی ، جگەلە لەناوبردنی ئەو ئەفسەرو دەرەجەدارانەی کە دوودڵی لێ پەیداکردون و دەیانەوێ لەژێر پەردەوە دژایەتی رژێمەکەی بکەن.. جا لە زرووفی جەنگدا، لەناوبردنی هەرکام لەو ئەفسەرانە کارێکی ئاساییەو دەتوانێ بەبەهانەی (ترسنۆک)ی تیربارانیان بکات و کودەتاکەش وەکو ئەوانەی پێشوو پووچەڵ بکاتەوەو ئاشکرا بکرێ!!.

٣- وەک وەڵامێک بۆ تەواوی گەل، لە ئەنجامی درێژەکێشانی ماوەی (نەئاشتی نە شەڕ) کە بۆ دووساڵ دەچوو. دەستی دایە ئەم هێرشە وەک چاو بەستنێک لەو بڕیارەی کە پاش چەند رۆژێک لەگرتنی کوێت دەری کردو لوتی بۆ بڕیارەکانی ساڵی ١٩٧٥ داهێنا، کە دیارە ماوەیەکە دەیەوێ ئەو نهێنییە ئاشکرا بکا! بەڵام دوور نییە ئەمیش بەنج کردن نەبێ بۆ ئەو کێشەیەو جارێکی تر چ درەنگ چ زوو داری تێوەربداتەوە!! وەک کۆنە کێشەکەی کوێت و سعودیە..

٤- سەلماندنی سەدام حوسێن بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و بیانی و خۆنواندنی وەکو رێبەرێکی نەتەوەی عەرەبی و نیشاندانی بازووی بۆ چاوترساندنی وڵاتانی تر. تا بتوانێ لەو روانگەیەوە سەران و گەلانی تری عەرەبی بەلای خۆیدا رابکێشێت و مل کەچی تەواوی بڕیارو فەرمانەکانی بن!؟

٥- لەڕووی سایکۆلۆجی خودی (سەدام حوسەینیشەوە).. کە هەمیشە حەز لە خۆ دەرخستن دەکات و دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێ لەرادیۆو ئاژانس و دەزگاکانی نێوخۆو دەرەوە بخرێتە بەرباس و ناوهێنانی. کە ئەمەش پیشەی یەکەم جاری نییە، بەڵکو پێکهاتنی سایکلۆژیایی بەم شێوەیەیە، سەرەڕای خوێن رشتن و وێرانکاری ! لەپاش کۆتایی پێهێنانی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران.. سەدام هیچ رێگەیەکی بەدەستەوە نەما بۆ ئەوەی لەمیان هەواڵەکانی دەرەوەدا ناوی خۆی گوێ لێ بێ! ئەو بێ دەنگییە درێژەی کێشاو ئازاری دەروونی سەدامی دەدا. بۆیە بەر لە هێرش کردنە سەر کوێت دەستی کردە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک پڕۆپاگەندەو درۆو دەلەسە بەوەی کە گوایە موشەکە دوورهاوێژەکیمیاییەکانی لەمەودوا لە

www.arsivakurdi.org

٣- مەرج نی‌یە فەرهەنگی کوردی (جا لە هەر زمانێکەوە بێ بۆ کوردی یا بە پێچەوانەوە) تەنیا تاکە کەسێک دای بنێت. ئەویش لەبەر ئەو بارو دۆخە تایبەتی‌یەی کە بەسەر زمانی کوردی‌دا تێ‌پەڕیوە. پرسیارکردن و هاوکاری کردن لەگەڵ نووسەران و زمان زانانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەک هەر زیان بەخش نییە بەڵکو فەرهەنگ بەخشە. فەرهەنگ نووس دەبێت بەتەنگ چاکی و ڕێک و پێکی فەرهەنگەکەوەبێت. مەخابن ئەو بیست کەسە (نووسەرو وەرگێڕو کوردی زانانی دانیشتووی سوێدێ)یەی کاک حەسەن فەرهەنگەکەی بۆ ناردبوون بۆ بیروڕا دەربڕین لەوە دەچێ هێندێکیان وەڵامی نامەکەی کاک حەسەنیان نەدابێتەوەو ئەوانەی وەڵامیشیان داوەتەوە ئەو هەڵانەیان بەرچاو نەکەوتووە.

٤- وشەنامەو فەرهەنگ دەبێ ووشە لێک بدەنەوە. ئەو خوێنەرەی ووشەیەکی لێ عاسی دەبێت دەبێ فەرهەنگ بە هانایەوە بێت و ووشەکەی بۆ روون بکاتەوە نەک بۆی بکاتە کوردی‌یەکی ئاڵۆز. فەرهەنگ دەبێ ووشە بۆ ساکارترین شێوەی شی بکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لێ‌ی تێ بگات. پێویستە بۆ لێکدانەوەی ووشە فەرهەنگ نووس ووشەکان لە رستەشدا بەکار بهێنێ ئەو کاتە خوێنەر ئاسانتر تێیان دەگات.

دوا ووشەش، ئەو ووشەنامەیەی کاک حەسەن دەستی داوەتێ بەزۆر زمان هەیەو وەرگێڕەکان زۆریان پێ‌ویست پێ دەبێت. کاک حەسەن وادیارە خۆی لەگەڵ هیلاک کردووەو هەوڵەکەشی جێگای ڕێزەو بە جێ‌ی خۆی بەڵام دەکرا ئەو هەوڵە بەرهەمی زۆر لەوە فەرهەنگتر بخاتەوە. هیوادارم چاپی داهاتووی ئەو ووشەنامەیە زۆر لەو کەم و کورتی‌یانەی تێدا نەهێڵرێ و بەدەردی فەرهەنگەکەی کاک سەلاح ڕێبوار نەچێت. ئەو کاتە هیوادارم نەوە بخاتەوەو چاپی دوو سێ‌و... ی بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

بە پێویستی دەزانم سپاسی کاک (ڕێبوار) و کاک(کاوە) بکەم بۆ پێداچوونەوە بە ووتارەکەدا و پێشنیارە بەسوودەکانیان. سوپاس ب کاک (هێرش)یش کە بۆ لێکدانەوەی ووشە پزیشکییەکان یارمەتی دام.

پەراوێز

--------

١- ووشەی کۆمەڵایەتی سوێدی- کوردی، حەسەنی قازی،١٩٨٩. لەبڵاوکراوەکانی دەزگای کاروباری بێگانان- سوید، (١١٣) لاپەڕە.

٢- چەند هەڵەیەکی فەرهەنگی لە «فەرهەنگی‌ی سوێدی- کوردی»یەکەی کاک سەلاح ڕێبواردا، ڕێبوارو هێمن، ١٩٨٧. مامۆستای کورد، ژمارە٤-٥، لاپەڕە ١٠٧-١١٢.

٣- فەرهەنگی سوێدی -کوردی . سەلاح ڕێبوار، ١٩٨٦. بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی- سوید. ٢٧٧ لاپەڕە.

٤- Salah Rebwar. Svenska ordlista. Andra omarbetade upplagan, Stockholm 1989.

٥- مانای ئەم ووشەیەم لە نامیلکەی:

Basordlista,Sjukvårdsterminologi,Svenska– Kurdiska *kurmandji(.ŞERVAN Buyukkaya + Lena Almroth,1988,28Sidor. وەرگرتووە.

ئەم نامیلکەیە لە (Tolk. och översättningsinst.vid Sthlms Universitet( Tel. 08.162000) و لە ( فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان، تەلەفون ٠٦.٦٨٦-٨. دەست دەکەوێت.

٦- فرهنگ جامع، سوئیدی- فارسی، محسن پور سراجیان، ١٩٨٧، جلد دوم، چاپ اول. چاپ و توزیع شرکت سهامی فارسی. ٧٢ لاپەڕە.

٧- هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی- فارسی، ئـ تاس. هەژار، ١٩٨٩، چاپی یەکەم. لەبڵاوکراوەکانی (صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران)، تاران، (٤٦٠) لاپەڕە.

٨- هەندێک زاراوەی زانستی. (زنجیرەی نووسینی کوردی نوێ و ژیاندنەوەی میراتی نەتەوایەتیمان -٥-)، جەمال نەبەز، ١٩٦٠، چاپخانەی کامەران- سلێمانی، ١٨ لاپەڕە.

٩- قامووسی زبانی کوردی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، ١٩٨٨. چاپی نوێ لەلایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحە دینی ئەییوبی ). ٤٨٠ لاپەڕە. بەداخەوە چاپی یەکەمی ئەم فەرهەنگەم لەلا نەبوو

* نووسەری ئەو ووتارە، شەش حەوت مانگێک لەمەوبەر ئەم ووتارەی بۆ گۆڤاری (مامۆستای کورد) ناردووەو دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە بڵاویان نەکردۆتەوە. گوایە ئەم ووتارە تەنیا پەیوەندی بە سویدەوە هەیەو گۆڤاری (مامۆستای کورد) خوێنەری لە دەرەوەی سویدیش هەیە.

www.arsivakurdi.org

(زمانی کوردی)[٩] دا (باج)ی هەر بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە.

لە وشەنامەکەدا{Kommunal Vuxenutbildning } کراوە بە (فێرکردنی کۆمۆنی بەگەورە سالأن، فێرکردنی کۆمۆنی بەبەساڵدا چووان) و وادێتە بەرگوێ کەمانای (فێرکردنی ئەو کۆمۆنەی کە تەنیا بەساڵدا چوانی تێدایە) بدات. ئەویش لەبەر ئەوەی کاک حەسەن لەباتی ئامرازی پەیوەندی «بۆ»، «بە»ی داناوە. مانای ئەو دەستەواژەیە ( فێرکردنی کۆمۆنیی بۆ گەورە سالأن)ە . ئەم جۆرە هەڵەیە لە جێگای دیکەی وشەنامەکەدا بەرچاو دەکەوێ.

کاک حەسەن سیستەمێکی رێک و پێکی پیادە نەکردووە بۆ وەرگێڕانی ناوی پارتە سویدی‌یەکان. هێندێکیانی کردووە بە کوردی و وەک (Folkpartiet) ی کردووە بە (پارتی گەل، پارتی لیبراڵی سوید)

{Moderata Samlingspartiet} کردووە بە (پارتی یەکێتی خۆپارێزەکان، پارتی مۆدێرات).

(Miljöpartiet) یشی کردووە بە (پارتی میللیۆ، پارتی پاراستنی مەڵبەندی ژیان) و هێندێکیشیانی هەروەکو خۆی نووسیوەتەوە وەک (Centerpartiet) ی کردووە بە (پارتی سێنتر).

(Vänsterpartiet Kommunisterna) شی کردووە بە (پارتی چەپی کۆمۆنیستەکان). لێرەدا هێندێک لە ناوەکان بۆ کاک حەسەن راست دەکەمەوە

{Moderata...} دەبێت بە (پارتی راستڕەوەکان، «راستەکان»ی سوید).

(Miljöpartiet) دەبێت بە (پارتی دەورووبەر).

{Vänster......} یش دەبێت بە( پارتی چەپە کۆمۆنیستەکان).

دەشتوانرێت ناوی پارتەکان وەکوو خۆی بنووسرێتەوە لەگەڵ روونکردنەوەیەکی کورتدا بەکوردی.

هێندێک وشە لە شێوەیەکی سەقەت دا نووسراون لە وشەنامەکەدا. دەبوایە کاک حەسەن لەگەڵ وشەی {Frätande} دا وشەی { Fräta} شی بنووسیایەو بیکردایە بە کوردی. بەهەمان شێوە لەگەڵ {Hemligstämpel} دا دەبوایە وشەکانی (Hemligstämpla) و (Hemligstämlade) ی بنووسیایە کە زێتر بەکار دەهێنرێن و بەرگوێ دەکەون.

مرۆڤ دەتوانێت زۆر نموونەی تر بهێنێتەوەو لەسەریان بدوێت، بەلأم مەبەستی من لێرەدا روونکردنەوەی چەند خاڵێکی گرنگە کە رەچاوکردنیان بە پێویست دەزانم لەکاتی وەرگێڕان و نووسینی فەرهەنگدا.

١- بەهۆی دابەش بوونی کوردستانەوەو ئەو بارو دۆخە نالەبارەی لە کوردستاندا هەیە، زمانی کوردی نەیتوانیوە ئەو پێش کەوتنە بەخۆیەوە ببینێ کە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی بینیویانە. بۆیە زۆر جار بۆ لێکدانەوەی وشەی تەکنیکی و سیاسی پەنا دەبەینە بەر ئەو سێ زمانە (ئەویش بەگوێرەی ئەو بەشەی کە تێیدا دەژین). رەنگە کارێکی هەڵە نەبێت ئەگەر بۆ وشەیەکی تەکنیکی هەر وشە لاتینییەکان بەکاربهێنین. بەم کارە هەم زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکەین هەم خۆ لە گیروگرفتی وشە داتاشین رزگاردەکەین. سەرەرای ئەوەش، ئەو وشە لاتینی‌یانە زۆرجار ئینتەرناسیۆنالیستین و لەبواری خوێندن‌دا، بەتایبەتی، سوودێکی زۆر بە قوتابیان دەگەیەنن کاتێک کە سەرچاوەی بێگانە بەکار دەهێنن. جابا (تەلەفیزیۆن، فرێزەر، کامێرا، ئوتێل، پۆلیس...) بە کوردیش هەر هەمان شت بن و (دووربین و میوانخانەو حەیتە) یان بۆ بەکار نەهێنین. سەرەرای ئەوەش ، ئەو وشە عەرەبی و فارسی و تورکیانەی کە لە زمانی کوردی‌دا رەگیان داکوتیوەو خەڵکی تێیان دەگات و بەرامبەرەکانیان لە کوردی‌دا نین، با هەر وەکو خۆیان بنووسرێنەوە لەگەڵ روونکردنەوەیەک‌دا بە کوردی. ئەمە زۆر بەجێ ترە لەو وشە داتاشراوانەی کە جگە لە وشەداتاشەر کەسی کە تێیان ناگات.

٢- لەم چارەکە سەدەیەی دواییدا، زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەکوردی و وەرگێڕانی کتێبی زانستی بۆ کوردی گەلێک وشەو زاراوەی تازەی هێنایە ناو دمانەکەوە و خەڵکی (بەتایبەتی قوتابیان) بەکاریان دەهێنن. لێرەدا پێویست ناکات لە هۆی ئەم پێشکەوتنە بدوێم چونکە ئاشکرایە کە بارو دۆخی سیاسی ئەم بەشەی کوردستان ئەو دەرفەتەی خوڵقاندووە. بەلأم ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نووسەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان (بەتایبەتی کوردستانی ئێران کە هەمان جۆر پیت بەکار دەهێنن) لەباتی داتاشینی وشەی تازە ) با ئەو وشەو زاراوانە بەکار بهێنن کە لە کوردستانی عێراق باوەو خەڵکی بەکاریان دەهێنن. بێ‌گومان ئەم کارە دەبێ بە پێچەوانەشەوە هەر وابێت و نووسەرانی کوردستانی عێراق هەمان کاربکەن. لەوش گرنگتر، با لەگەڵ ئەو وشە فارسی ، تورکی و عەرەبی‌یانەی کە خەڵکی ئەوبەشەی کوردستان تێ‌ی دەگەن، ئەو وشە کوردیانەش بنووسرێن کە لە بەشەکانی دیکەدا بەکار دەهێنرێن تا خەڵکی ئاشنابێت پێیان. لەنزیکەوەج ئاگام لێ‌بووە کە ئەو مامۆستاو نووسەرانەی کە کتێبی قوتابخانەکانیان وەردەگێڕایە سەر کوردی لیژنەی تایبەتی‌یان درووست دەکردو لادێکانی کوردستان دەگەڕان بۆ وشە دۆزینەوە. لێرەدا بە گونجاوی دەزانم کە دەست بۆ ئەو راستی‌یە رابکێشم کە نووسەرانی کوردستانی ئێران، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دەست رژێمی شا هەلأتبوون و لە کوردستانی عێراق دەژیان، کارێکی زۆریان کردە سەر زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا.



www.arsivakurdi.org

٦- دەبێ لە دۆخی کرداردا بنووسرێت. خۆی پێوە خەریک دەکات، خۆی لەگەڵ هیلاک دەکات، بەسەروکارییەوە دەبێت.
٧- داخورێنەر
٨- (شی کردنەوە، یەکالاکردنەوە) خۆیان مانای کاریان تێدایەو پێویست ناکات جارێکی دیکەش «کار»یان لێ زیندوو بکەینەوە. تائێستا لەکەسم نەبیستووە بڵێ ( دوێنێ خەریکی کاری شی کردنەوە، یا کاری نان خواردن یان کاری نان کردن بووم).
سەرەرای ئەوانەش پێم وایە (روونکردنەوە) زۆر لەو دوو وشەیەی پێشوو گونجاوترن.
٩- (بەندیخانە) و بەس. (سزای بەندیخانە) واتە (Fängelsestraff) .
١٠- هیوادارم ئەمەش هەڵەی چاپ بێت چونکە ئەو وشەیە ئەو مانایە نادات. (یارمەتی ماددی پەنابەر، یارمەتی ماڵی پەنابەر) دەگرێتەوە.
١١- مام ناوەندی، ئەندامی پارتی مۆدێراتی سویدی.

هـ - لەهەر باخەی گوڵێک

لە وشە نامەکەدا کۆمەڵێک هەڵە هەن کە لە هیچ کام لەو خاڵانەی سەرەوە جێیان نابێتەوە بۆیە وام بەباش زانی بەجیا لەسەریان بدوێم.
لەکاتی وەرگێرانی مانای وشەکاندا، کاک حەسەن سیستەمێکی رێک و پێمی پیادە نەکردووە. لە هێندێک جێگادا وشە سویدییەکان لەکڵ خۆ کراونەتەوە. (Intyg )و(Betyg) وەکو (هابیل و قابیل)یان ێ بەسەرهاتووە. کاک حەسەن بۆ(Intyg) نووسیویەتی (بەڵگە، تەسدیق). هەر چەند لاپەڕەیەک پێش ئەوە بۆ (Bevis)یش هەر (بەڵگە)ی نووسیوە.(Betyg)و (Arbetsbetyg) لە وشەنامەکەدا یەک مانایان هەیە ئەویش (کارنامەیە). شتێکی ئاسایی‌یە کە بۆ چەند وشەیەکی سویدی تەنیا یەک وشەی کوردی مان هەبێت. ئێکە بە (Snö) دەڵێین بەفر. وەک بیستوومە ئەسکیمۆکان چەند ناوێکیان هەیە بۆ (بەفر). (ووشتر، حوشتر×یش لە عەرەبی دا چەند ناوێکی هەیە. بەڵام ئەوەی کە نائاسایی‌یە ئەوەیە کە ئەم وشانە هەکان مانا نابەخشن تا وشەیەکی کوردی بۆ هەموویان دابینێین. پاشان لە کوردی‌دا وشەی گونجاومان بەرامبەر بە هەریەکەیان هەیە. (Intyg) بەرامبەر «وثیقە»ی عەرەبی یەو لە کوردیدا بەزێت بە (بڕوانامە). بۆ (Betyg)یش کە «شهادە»ی عەرەبی دەگرێتەوە، دەتوانرێت (بەڵگەنامە) بەکار بهێنرێت. (Betyg) بەمانای (نمرە کارتیش)دێت. بەڵگە نەویستە کە (Bevis)یش بە کوردی دەبێت بە (بەڵگە). لەجێی (Arbetsbetyg)یش دەتوانین بنووسین (بەڵگە نامەی کار).
(Förblöda) لە وشەنامەکەدا بە ( خوێنرێژی ناوەوە مە ببێتە هۆی مردن) هاتووە. مانای ەو وشەیە کە کردارە، بەکوردی دەبێت بە(بەخوێن بەربوونی ناوەوە دەمرێت) یان (دەمرێت لە ئەنجامی خوێن بەربوونی ناوەوە). ئیتر بۆچی کاک حەسەن خەریکە خوێن برێژێ.
وشەی (ناکاو) بەشێوەیەکی سەیر بەکارهێنراوە. کاک حەسەن بۆ (Förskott) نووسیویەتی (یارمەتی ناکاو، یارمەتی پێش) کە نە کوردێک لێیان تێدەگاو نە پڕ بەپری ئەو وشەیەشن .{ پێشەکی (ئەو پارەیەیە کە لە پێشدا دەدرێت)} مانای راستی ئەو وشەیەیە. هەرچەند وشەیەک پاش ئەوە (Förtidspension) کراوە بە (هەقی خانە نشینی ناکاو) ئەگەر کوردێک ئەوە بخوێنێتەوە پێی وایە مەبەست هەقی خانەنشینی ئەو مرۆڤانەیە کە لەناکاو(لەپڕ) خانەنشین کراون. راستی‌یەکەی ( هەقی خانەنشینی پێش وەخت)ە و بۆ ئەو مرۆڤانەیە کە پێش ئەوەی تەمانیان بگاتە تەمەنی خانەنشین کردن لەبەر ناساغی یان هەرهۆیەکی دی خانەنشین کراون.
(Hyresvärd) لە وشە نامەکەدا کراوە بە (کرێدەر، خاوەن ماڵ) ئەو دوو وشەیەی کاک حەسەن نووسیوونی مانای ئەو وشە سویدی‌یە نین. (کرێدەر) ئەومرۆڤەیە کە کرێ دەدات، واتە «کرێچی» . دەبێ کاک حەسەن مەبەستی (بە کرێدەر) بێت. (خاوەن ماڵ) لەکوردی‌دا بۆ هەردووکیان بەکاردەهێنرێت هەم «کرێچی» و هەم (ساحێب خانوو، خاوەن خانوو). چونکە «کرێچی»یەک لەماڵی خۆیدا (خاوەن ماڵ)ە هەرچەند خانووەکەی کە تێیدا دەژی هی خۆی نی‌یە.
کاک حەسەن بۆ (Inkomst) نووسیویەتی (داهات) کە وشەیەکی گونجاوەو مرۆڤ دەتوانێت (دەرامەت و داهات)یشی لەپاڵدا ریزبکات. بەڵام بۆ (Inkomstskatt) کاک حەسەن (زەکاتی سەرداهات) ی نووسیوە. جارێ (زەکاتی داهات)ی بێ (سەر) راسترە. پاشان (زەکات) تەنیا لە بوارە ئایینی‌یەکەدا بەکاردەهێنرێت. هەژاری موکریانی لە (هەنبانە بۆرینە)[7] کەی‌دا بۆ (باج) نووسیویەتی (پیتاک، خەرج، ئەوپارەیەی کەپیاوی میری لەخەڵکی دەستێنێ) و بۆ (زەکات)یش نووسیوویەتی (بەشی خودا لەدارایی‌دا). واتە باج بۆ میری‌یەو (زەکات)یش بۆ خودا. جەمال نەبەزیش لەنامیلکەیەکدا[8] کەساڵی (١٩٦٠) لە سلێمانی چاپی کردووە بۆ (ضریبە)ی عەرەبی کە(Inkomst)ی سویدی دەگرێتەوە نووسیوویەتی (باج). (عەبدولڕەحمان زەبیحی)ش لە قامووسی



www.arsivakurdi.org

خێزان)ە، چونکە ووشەی «خێزان» هەم هەموو خێزان دەگرێتەوەو هەم هەموو ئەندامانی خێزانێک. کەواتە ووشەی (نرخ داشکاندن «داگرتن» بۆخێزان) کوردی ترە.

٥- من پێم وانییە کەس بتوانێت تەئمینی «پارێزە»ی تەمەنی خۆی بکات و باوەڕیش ناکەم هیچ کۆمپانیایەکی تەئمین بتوانێ ئەو کارە بکات. ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە ەئمینی تەمەن بکات ئەوا باوەڕ ناکەم کەس لەژکارەی خەوت هەشت سفری کەمتری هەڵبژاردایە. خەڵکی تەئمینی (بیمەی، پارێزەی) ژیان دەکات، بۆیە(«تەئمین، بیمە، پارێزە»ی ژیان «بەمۆمەڵ، بەگروپ») یا(«تەئمین، بیمە، پارێزە»ی بەکۆمەڵی ژیان) مانای راستی ئەو ووشە سویدی‌یەن.

٦- من بەش بەحاڵی خۆم لە ووشە سویدی‌یەمەوە (Hjärnhinneinflammation) تێگەیشتم (مێنیژیت) مانای چی‌یە. جائەگەر ووشەنامەکە « سویدی- کوردی)یە ئەوا دەبێ کارەکە تەواو بەپێچەوانەوە بێت. خوێنەری بەرێز، «مێنیژیت» واتە {( ئیلتهابی، «برین کردنی»)ئەوپەردەیەی کە دەوری مۆخی داوە}.

٧- کتێبە کوردیەکای قوتابخانەکانی کوردستانی عێراق بۆ ئەک ووشەیە دەنووسن { کاتی تەنینەوەی (تەشەنەکردنی) نەخۆشی لەلەشدا}. بۆ زێتر روونکردنەوەش دەتوانین بنووسین: کاتی چوونە ژوورەوەی میکرۆب بۆ ناو لەش تا دەرکەوتی نیشانەکانی نەخۆشی‌یەکەیە.

٨- پێویست بەسوێند ناکات، بەلاْم ئێستاش نازانم کاک حەسەن مەبەستی چی‌یە.

٩- لەوە دەجێت کاک حەسەن مانای ئەم ووشەیەی دەقاودەق لە فەرهەنگە «سویدی-فارسی»[٦] یەکەی «مجسن پور سراجیان»ەوە کردووە بەکوردی و (داتاشینە)ە فارسییەکەی کت و مت وەک خۆی نووسیوەتەوە. داتاشین لەکوردیدا گەلێک مانای هەیە تەنیا ئەوە نەبێت کەکاک حەسەن کەبەستی بووە. لە فەرهەنگە سویدی-فارسی‌یەکەدا (کورتاژ)یش نووسراوە. لەکوردیش دا (کۆرتاج) بەکار دەهێنرێت و بریتی یە لە داماڵینی پەردەی ناوەوەی منداڵدان.

د- ووشە تێکەڵکردن:

---

ئەو کەسەی کە بەنووسینی فەرهەنگێک هەڵدەستێت دەبێت بەلایەنی کەمەوە شارەزای هەردوو زمانی فەرهەنگەکە بێت. لە ووشەنامەکەدا، لەزۆرجێگادا، وا دەردەکەوێت کەکاک حەسەن لەکانای ووشەکان نەگەیشتبێت. بۆیە کۆمەڵێص ووشەی لەتەنیشت یەمەوە ریزکردووە کە زۆر جار دەستەواژەیەکی بێ مانایان لێ درووست بووە کە خوێنەر بە ئاسانی تێیان ناگا؛ بۆنموونە:-

| | |
|---|---|
| بێکاری، دەسبەتاڵی | 1. Arbetslöshet |
| گوێستنەوە | 2. Avdrag |
| نموونەی پیسایی | 3. Avflyttning |
| خەرج ومخاریج (لێکدانەوەیەکیشی لەگەڵە) | 4. Avföringsprov |
| هاوبەش | 5. Deltagare |
| ئۆگری تێدا پێک هێنان، دەست بەند کردن | 6. Engagera |
| لە نێوبەر، خورێن | 7. Frätande |
| کاری سی کردنەوە، کاری یەکالاْکردنەوە | 8. Förklaring |
| بەمدیخانە، سزای بەندیخانە | 9. Fängelse |
| یارمەتی ماڵ گوێزتنەوە | 10. Flyktingsbidrag |
| مۆدێرات، نیوەڕۆ، ئەندامی پارتی مۆدێرات | 11. Moderat |

ئەو یانزە ووشەیەی سەرەوە راستترە بەم شێوەیە لێک بدرێنەوە:-

١- بێکاریی، بێ ئیشی‌ی. (دەسبەتاڵی) هەڵەیە، چونکە مرۆڤی دەسبەتاڵ مەرج نی‌یە بێ ئیش بێت. «بێ‌ئیش» ئەو کرۆڤەیە کە کارێکی نی‌یە خۆی پێ بژیەنێت. بەلاْم ئەوکەسەی «کە بێ ئیش نی‌یە» واتە کارێکی هەیە زۆرجار (دەسبەتاڵ) دەبێت و لەکاتی دەسبەتاڵی خۆیدا خۆی بەشتێکی دیکەوە خەریک دەکات.

(٤.٣.٢) لەوە دەچن هەڵەی چاپ بن و جێ گۆڕکێ یان پێ کرابێت. وا لە خوارەوە مانا راستەکانیان دەنووسم:

٢- لێدەرکردن، کەم کردنەوە. بۆ (پارە لێ دەرکردن× یش بەکاردەهێنرێت.

٣- گوێستنەوە.

٤- (فەحسی پیسایی)ش دەگەیەنێت.

٥- بەشدار، بەشداربوو، بەشداری کەر. بۆنموونە: ( بەشداربووەکان، بەشداری کەرەکان) لە ئاهەنگەکەمان رازی بوون. {Gemensam} ئەو «هاوبەش»ە دەگرێتەوە کە کاک حەسەن نووسیویەتی.

www.arsivakurdi.org

پێش خستووە و ویستوویەتی وا بە خوێنەر نیشان بدات کە جیاوازن. وا لە خوارەوە یەکە بە یەکە مانای ئەو چوار ووشەیە لێک دەدەمەوە:.

١- کردارە و لە حاڵەتی ڕانەبووردوودا دەبێت بە [ (نرخی، بای، قیمەتی)دراو کەم دەکاتەوە(کزدەکات) ].جا مەرج ن یە دراوی قورس بێت.کاک حەسەن دەڵێ ی(Tips)ی کردووە، یەکەم جار (دراوی قورس)ی نووسیوە و دوایش تەنیا(دراو)ی نووسیوە بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان بیگرێت.

٢- ناوە.( کز کردنی بایی دراو، کەم کردنەوەی بایی دراو)دەگرێتەوە.(هاتنە خواری دراوی قورس)ی ووشەنامەکە دووجار هەڵەیە. یەک مەرج نی یە دراوی قورس بێت، دووش(هێنانە خوار)ە چونکە کرداری(Devalvera)کردارێکی تێ پەڕە.

٣- کردارە، لە حاڵەتی ڕانەبووردوودا دەبێت بە ( دەی نرخێنێ، هەڵی دەسەنگێنێ).

٤- ناوە. کاک حەسەن بۆ مانای (värdering)، کە ناوە، نەی ویستووە (نرخاندن) دابنێ و کەوتۆتە ووشەکاری و (نرخاندن کاری) دروست کردووە کە هەڵەیە. مانای ڕاستی ئەو وشەیە (نرخاندن، هەڵسەنگاندن)ـە و ئاوێنەو دەست بشۆ.

بەداخەوە نموونەی دیکەی لەم بابەتە زۆرن لە ووشەنامەکەدا. تەماشی ووشەکانی ( Förhandla, Förhandlhng ) و(Förlora,Förlust) بکەو خۆت سەرپشک بە.

ج- ووشە داتاشین بێ ڕوون کردنەوەی ماناکانیان :

---

هەرچەندە کاک حەسەنی قازی لە پێشەکی ووشەنامەکەیدا دڵنیامان دەکات کە « ئەوپەری هەوڵ دراوە لەووشە داتاشینی بێجێ حۆ بپارێزێ ». بەڵام بەداخەوە ووشەنامەکە تووشی ئەونەخۆشییە بووەو ووشەی داتاشراوی سەقەتی زۆری تێدایە. ئەمانەش چەند نموونەیەکن:-

| | |
|---|---|
| نەخۆش لاوێنی ناوچە ، نەخۆش لاوێنی گەڕەک | 1. Distriktssköterska |
| دەورەی پەروەردەی تۆ پزی | 2. Grundskola |
| ئاگاداری ددانی گشتی، خزمەتی ئاگاداری ددانی گشتی | 3. Folktandvård |
| نرخ شکاندن بۆ هەموو خێزان | 4. Familjerabatt |
| پارێزەی تەمەنی بەکۆمەڵ | 5. Gruppförsäkring |
| مێنێژیت | 6. Hjärnhinneinflammation |
| زەمانی پێگەیشتنی بوونەوەری زەرەبینی نەخۆشکەر لەبەدەندا | 7. Inkubationstid |
| ئاوڕدانەوە سەرپێشینە | 8. Retroaktiv |
| داتاشین (بۆ وینە نەشتەرکاری بۆ لەبەریەک کرانەوەی زارکی منداڵ دان) | 9. Skrapning |

بەداخەوە ئەم وشانە زۆر سەیر کراونەتە کوردی. زۆربەیان ماناکانیان ڕوون نی یەو خوێنەر لێ یان تێ ناگات. جا باپێکەوە ئەم ووشانە شی بکەینەوەو بزانین دەتوانرێت ماناکانیان لێک بدەینەو بێ ئەوەی وشەی سیەقەت دابتاشین:-

١- لە کوردستانی عێراق «سستەر» هێندێ جاریش «برین پێچ» بۆ ئەم ووشەیە بەکاردەهێنرێت و پێم وایە ماناکەی دەدەن بەدەستەوە. کاک حەسەن بەم ووشانە قایل نەبووەو خۆی ووشەیەکی لێکدراوی بۆ داتاشیوین (نەخۆش لاوێن). یەک، مەرج نی‌یە ئەوکەسەی نەخۆش دەلاوێنێ شتێک دەربارەی زانستی پزیشکی بزانێت. دوو، لاواندنەوە بۆمردووە. سێش «سستەر» نەخۆش نالاوێنێتەوە. ڕەنگە جارجار دڵی بداتەوە بەڵام کاری سەرەکی سستەر برین دەرمانکردن و جێ گۆڕین و دەرزی لێدان و بەردەستی دکتۆرو شتی ترە، چوارەم قسەی خۆمان بێت «نەخۆش لاوێنی ناوچە» شتێکی لە «کۆنکرێتی چەکدار» گەڕاوەتەوە کە خەڵکی بۆ گاڵتە لەبری «کۆنکرێت موسەللەح» بەکاری دەهێنن. بۆیە مانای ئەو ووشەیە بە (سستەر «برین پێچ» ی ناوچە) لێک دەدەمەوە.

٢- لەکوردستانی عێراق لەبەر ئەوەی خوێندنی پێش قۆناغی زانکۆ بەکوردی‌یە، ئەوا دەمێکە ووشەی گونجاو بۆ قۆناغە جیاکانی خوێندن دانراوە بۆ ( Grundskola ) دەتوانیین بنووسین «قوتابخانەی سەرەتایی» . بۆ زێتر ڕوون کردنەوەی ماناکەی دەتوانین ئەم ڕوون کردنەوەیەش بنووسین ( لە سویدا قوتابخانەی یەرەتایی نۆ ساڵە و هەموو کەسێک دەبێ بیخوێنێ یان(بەزۆرە).

٣- کاک حەسەن لێرەدا اەتەواوەتی سەری لەزمانە کوردیەکەش شێواندووە. ئەگەر مانای یەکەم ڕاستە ئیتر ئەو (خزمەت)ەی بۆچی‌یە. بەش بەحاڵی خۆم هەردوو ماناکەم پێ هەڵەیە. (نەخۆشخانەی ددان، ددانسازیی گەلی)[5]، لەگەڵ ڕوون کردنەوەیەکدا زۆر لەو (گرتی حەج نەیگرت یاریم)ەی کاک حەسەن گونجاوترە.

٤- نازانم کامەیانت بۆ ڕاست بکەمەوە جارێ «نرخ شکاندن» نی‌یە «نرخ داشکاندن»ە . پاشان (بۆهەموو خێزان) نی‌یە ( بۆ

www.arsivakurdi.org

درێژ+ یی= درێژیی . قەڵەو + ی = قەڵەوی. ئەگەر ئاوەڵناوەکەش بە (ی ، ا) کۆتایی هاتبوو ئەوا پاشگری (یی یان ێتی) بۆ زیاد دەکرێت وەک:. خێرا + یی = خێرایی . برسی + ێتی = برسێتی. کاک حەسەنی قازی ئەو یاسا ڕێزمانییەی بە بەرواژەی کردۆتە بەر ووشەکانی ووشەنامەکەی. بۆ نموونە ئەم ووشانەی خوارەوە بەو شێوەیە لێک دراونەتەوە:.

بەڕێوەبەری، بەڕێوەبەرێتی، بەڕێوەبەرایەتی، کارگێڕی Administration

کاریگەر، لێوەشاوەیی Effektivitet

فرە زمانی .Flerspråkig

چەند زمانیەت Flerspråkighet

سەرکەوتوویی .Seger

مانای ڕاستی ئەو ووشانە بەم شێوەیەی خوارەوەن :.

١. بەڕێوەبەرێتی، بەڕێوەبەرایەتی، کارگێڕیی(نەک کارگێڕی و بەڕێوەبەری کە ئاوەڵناون).
مانای ( بەڕێوەبردن )یش دەدات.

٢. کاریگەریی. لێوەشاوەیی (Behörighet) دەگرێتەوە.

٣. فرە زمان، چونکە ئەم ووشەیە ئاوڵناوە.

٤. فرە زمانیی: دیاردەی زۆر زمان زانین.

٥. سەرکەوتن.

ب - جیانەکردنەوەی کردار لە چاوگ و ناو.

---

لە کوردیدا زۆرجار چاوگ لە بر ناو بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە دەڵێین:.
نووستن ، وەرزش کردن ... پێ ویستە بۆ لەش.
بەڵام کاک حەسەن لە بەرگەوە بۆ بەرگی ووشەنامەکەی لەبری کردار، ناو یان چاوگی بەکار هێناوە.
پێنج دەنک دەکەمە نموونەی خەرواری ووشەنامەکە.

دیاری کردن، ڕێوشوێن بۆ دانان 1.Bestämma

بەشداری کردن 2.Deltaga

پێلێنان، ددان پێداهێنان 3.Erkänna

داواکردن، ویستنەوە 4.Kräva

دەرکردن، وەدەرنان (لەخانو،ماڵ) لەبەر کرێ نەدان و... 5.Vräka

ئەو ووشە کوردییانە بەرامبەرەکانیان لە سویدی دا دەبنە Att erkänna،Att deltaga،Att bestämma، Att vräka،kräva. جا ئەگەر کاک حەسەن مەبەستی ئەوە بوو با لە پێشەکی یەکەی دا ئەوەی بۆ خوێنەر روون بکردبایەوە. دەنا مانای ڕاستی ئەو ووشانە بە کوردی بەم شێوەیەی خوارەوەن:.

١- بڕیار دەدات، دیاری دەکات، ڕەنگە مانای(ڕێ و شوێنی بۆ دادەنێت)یش بدات.

٢- بەشداری دەکات.

٣- پێی لێ دەنێت(ئیعتراف دەکات). پاشان ئەگەر مەبەستی کاک حەسەن(Att erkänna)یە ئەوا هێشتا(ددان پێدا هێنان)هەڵەیەو ڕاستەکەی [دان(ددان)پێدانان]ە. کوردەکە دەڵێت(حەسەن دان بە هەڵەکەی دا دەنێت،دان بە ڕاستی دا دەنێت)نەک (حەسەن دان بە ڕاستی، هەڵە)دا دەهێنێت). بۆیە مانای ڕاستی ئەو ووشەیە(دانی پێدا دەنێت)ە.

٤- داوای دەکات، دەیەوێت، دەخوازێت.

٥- دەری دەکات، وەدەری دەنێت. مانای دیکەشی زۆرەو تەنێ بۆ دەرکردنی کرێچی قوڕ بەسەر بەکار نایەت کە کرێی نەدابێت.

زەقی ی جیا نەکردنەوەی کردار لە ناوو چاوگ لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:.

کەم کردنەوەی بایی دراوی قورس،کەم کردنەوەی بایی دراو 1-Devalvera

کزکردنی بایی دراوی قورس،هاتنە خواری بایی دراوی قورس،کەم کردنەوەی بایی دراوی قورس 2_Devalvering

نرخاندن، هەڵ سەنگاندن 3_Värdera

نرخاندن کاری، بایەخ کاری 4_Värdering

لە نموونەی یەکەم ودووەم دا کاک حەسەن جیاوازی لە نێوان مانای ئەو دوو ووشەیەدا نەکردووە، بەڵام دەستەواژەکانی پاش و



www.arsivakurdi.org

# هەوڵێکی زۆر و بەرهەمێکی سەقەت

هێمن

ماوەیەک لەمەوبەر کاک حەسەنی قازی «ووشەنامە»یەکی بە ناوی (ووشەی کۆمەڵایەتی سویدی- کوردی)[1]یەوە بلاو کردەوە. برادەرێکم ووشەنامەکەی نیشان دام و داوای لێ کردم کە رای خۆمی پێ بڵێم. منیش پاش ئەوەی کە ماوەیەک ووشەنامەکەم لابوو و بەسەریدا چوومەوە، وام بەباش زانی کە سەرنجەکانم بکەمە ووتارێک و بیخەمە بەر دەستی ژمارەیەکی زۆرتری خوێنەر.

ووشەنامەکە، وەک کاک حەسەن بۆخۆیشی لە پێشەکی‌یە کورتەکەی دا نووسیویەتی، « هەوڵێکی سەرەتایی یە .بۆ پێوەچارانی. پەیوەندی دوو زمانی کوردی و سویدی».

دوو ساڵ و نیوێک لەمەوبەر کاک ڕێبوار و نووسەری ئەم ووتارە، ووتارێکمان[2] دەربارەی چاپی یەکەمی فەرهەنگەکەی[3] کاک سەلاح ڕێبوار نووسی. لەو ووتارەدا، لەبەر ڕۆشنایی هەڵەکانی کاک سەلاح دا، چەند پێشنیارێکمان کردبوو کە دەبوایە کاک سەلاح لە کاتی نووسینی فەرهەنگەکەی دا ڕەچاوی بکردبانایە. بەداخەوە، کاک سەلاح لە چاپی دووەمی فەرهەنگەکەی دا[4] نەک هەر ئەو خالانەی ڕەچاو نەکردبووە، بەڵکو ئەو ووشانەشی کە بە هەڵە لێکی دابۆیەوە و بۆمان ڕاست کردبۆیەوە، هەر بە هەڵەیی نووسیبونیەوە. هێشتا لای کاک سەلاح (Blodbad ) هەر ( گەرماوی خوێن ) ە و (adamsäpple ) هەر گرێی قوڕگە و ...هتد.

لێرەدا گرنگ ئەوە نییە کە کاک سەلاح قەناعەتی نەهێناوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کێ باجی قەناعەت نەهێنانەکەی کاک سەلاح دەدات. بەداخەوە کوردی دانیشتووی سوید. ئەو خوێنەرە کوردەی کە ناچار دەبێت فەرهەنگەکەی کاک سەلاح بەکار بهێنێت و ناچارەبێ کە بەشوێن فەرهەنگێکی دیکەدا بگەڕێت تا ووشە داتاشراوەکانی فەرهەنگەکەی کاک سەلاحی بۆ بکەنە کوردی. زۆر لەو کەم و کورتی و هەلانەی لە فەرهەنگەکەی کاک سەلاح دان، لە ووشەنامەکەی کاک حەسەنیش دا هەن بەلام بەشێوەیەکی دی. بۆیە بڕیارم دا کە ووشەنامەکە هەڵ بسەنگێنم وزێتری بە خوێنەر بناسێنم.

گومانی تێدا نییە کە کوردی ئاوارەی سوید، بە لایەنی کەمەوە، پێویستیمان بە فەرهەنگێکی گشتی سویدی کوردی هەیە. فەرهەنگۆکێکی تایبەتی بۆ وەرگێڕە کوردەکان دەربارەی ووشەی پزیشکی و کاروباری دایەرەو مەحکەمەو...هتد، باوەڕ ناکەم سەریشکێنێ. خۆ فەرهەنگێکی گشتی کوردی - سویدی بێ گومان بێ سوود نابێت. بەلام فەرهەنگ، ووشەنامە، قامووس چی یەو دەبێ چۆنبێت؟ ئەو قوتابی‌یە کوردەی تەماشای ووشەکانی (adams äpple) و(krysta) بکات لە فەرهەنگەکەی دا خۆی بەرامبەر بە ووشەکانی (گرێی قوڕگ) و (لەتوالێت تەکان دەداتە خۆی) دەبینێتەوە و بە شێوەیەکی هەڵە لەو ووشانە حالی دەبێت. ئەو وەرگێڕە کوردەی لە ووشەنامەکەی دا بۆ ووشەی (Brottmål) و (studiecirkel) دەگەڕێت، خۆی بەرامبەر بە ووشەکانی (مووچە «مزەی» ناڕەبەق) و (ئالقەی موتالا، کۆڕی موتالا) دەبینێتەوەو دەبێ زۆر بە سەلیقە بێت تا ئەو مەتەلانە هەڵبهێنێت. جا ئایا دەتوانین هەروا بێ لێ پرسینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە کتێبانە ناوی فەرهەنگ و ووشەنامەیان لێ بنێین؟!. هەر وەکو لە ووتاری پێشومان نووسیبوومان، زۆر بە جێ‌ی خۆی دەزانم کە لێرەدا ئەوە دووپات بکەمەوە کە پێویستی بوونی فەرهەنگێک مانای ئەوە نییە کە بە هەموو چەند ووشەیەکی بەرامبەر یەکدی ڕیزکراو قایل بین و نێوی فەرهەنگی لێ بنێین.

بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی باسەکە دوور نەکەومەوە، وا لەم چەند لاپەڕەیەی خوارەوەدا ووشەنامەکەی کاک حەسەنی قازی بەسەر دەکەمەوە و بە چاوێکی ڕەخنەوە هەڵی دەسەنگێنم.

ووشەنامەکەی کاک حەسەن هەڵەی جوراوجۆری تێدایە و دەتوانین لەم چەند خالانەی خوارەوەدا ڕیزیان بکەین.

ا- جیا نەکردنەوەی ناو لە ئاوەڵناو.

---

لە زمانی کوردی دا ناو زۆرجار لە ئاوەڵناوەوە دروست دەکرێت، ئەویش بەزیادکردنی پاشگری (ی،یی)بۆ ئاوەڵناوەکە، وەک:.

www.arsivakurdi.org

بڵێم چیرۆکی کـــوردی وەرامـــدەرەوەی ئەمڕۆی بـــاری کۆمەلأیەتی و سیاسی و گەواهینامەیەکی هونەرمەندانەی ئەم بەشەی مێژووی کوردستانە. ئەگەر بیر لەو لایەنانە بکەینەوە بڕێک تووشی بێهومێدی دەبین. هەرکاتێک بووین بە خاوەنی شاکارێکی وەک (کەلیدەر)ی مەحموودی دەوڵەت ئابادی، ئیدی هیوامان بە چیرۆک و چیرۆکنووسانی کوردیش دەگەشێتەوە.

لێکۆڵینەوەکەی من زیاتر دەکەوێتە خانەی مێژووی ئەدەبییەوە، نەک رەخنە و هەڵسەنگاندن، چونکە من رەخنەگری ئەدەبی نیمو ئەوەشم هەر وەک کارێکی ئەکادیمی نووسی. بەلأم ئەو ۹..۱ مانگەی خەریکی لێکۆڵینەوەکە بووم، گەلێ ئەنجامگریی سەیر و سەرنجڕاکێشم دەستگیر بوو. هەر بۆ نموونە یەک دوو شتێ باس دەکەم: جارێ دەبێ پێشەکی پێ لەوە بنێین کە ئێمە رەخنەی ئەدەبیمان لە بواری چیرۆکدا، واتە رەخنە لە چیرۆک، نییە. ئەگەر چی بە ژمارە گەلێ لێکۆڵینەوەمان لەسەر چیرۆکی کوردی و مێژووی پەخشانی کوردی هەن، بەلأم، بەلای منەوە، لێکۆڵینەوەکەی کاک حوسەین عارف (چیرۆکی هونەریی کوردی ۱۹۲۵ـ .۱۹٦) تاکە لێکۆڵینەوەی زانستی و رێکو پێکو راستگۆیانەیە، بێگومان ئەویش هەندێ کەم و کوڕیی هەیە، بەلأم دیسانیش تاکانایە. هەندێ بیروڕاو هەڵسەنگاندن لە بارەی چیرۆک و چیرۆکنووسانەوە هەن، کە ساڵانێکی دوورو درێژە، هەر دەوترێن و دەوترێنەوە. من وام پێ باش بوو وەدووی ئەو دیتنانە نەکەوم وخۆم بچمە بنج و بناوانی شتەکانەوە. کە وام کرد، خۆشبەختانە، ئەنجامی دیکەم وەگیر کەوت؛ ئەنجامی لە هی ئەوانی دیکە جیاواز.

* ڕۆڵی ڕووناکبیری ئەمڕۆت پێ چۆنە؟ ئەمڕۆ ڕووناکبیران چ سیاسەتێک بگرنە بەر باشە؟!

** جارێ من بۆخۆم گومانم هەیە کە ئێمە ئینتێلیجێنتسیا (Intelligentsia)یەکی کوردیمان هەر هەبێ. ئەوی هەمانەو نیمانە ژمارەیەک ڕووناکبیرە ، کە پێم وایە زۆریش نین، دەنا ئەوەی واباوە کە چینێکی یا توێژێکی ڕووناکبیرمان هەیە، پێم وانییە راست بێ. دەکرێ بڵێین توێژێکی خوێنەوارمان هەیە، توێژێکی وا کە لە نەخوێندەواری رزگاری بووە. بەلأم ئیدی خوێندەوار شتێکەو ڕووناکبیر شتێکی دیکە.

ئەگەر نووسەرانی کورد بەشێکی گرنگی ڕووناکبیران بن، ئەوا دەبێ بی پێچ و پەنا بڵێم لە ماوەی .۱ـ۱۵ ساڵی رابووردوودا زۆر نووسەر نموونەی هەلپەرستی و بێهەڵوێستی بوون. لە ماوەی ۹ ساڵ شەڕی براکوژیدا نووسەرو شاعیر هەبوون کوتەک بوون بە دەست چەکدارانی ملهوڕەوە. بەرانبەر سیاسەتی هێرشبەرانەو شەڕخوازانەو نامرۆڤانەی سۆڤیەت و دەست و پێوەندەکانی کڕوکپ، زاریان چووبووە کلیلە. لەدەرەوەی ولأتیش زۆرمان بینی هەر بە ناوهێنانی دیموکراسی و ئازادیی بیروباوەڕ شێت دەبوون و ئاگریان تێ بەردەبوو، جەژنیان بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان دەگێڕاو نۆ ملیۆن کرێکاری پۆڵۆنیا (لەهستان)یان بە کۆنەپەرست و خۆفرۆش دادەنا (ئەگەر چەرمی روویان قایم نەبێ، دەبێ ئەوانە ئێستاکە چی بڵێن؟). نووسەری «شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز»مان هەیە بەساڵان ڕێی نەکەوتۆتە کوردستان، بەلأم فریای ئەوە کەوت سەری (کابوڵ) و دارو دەستەی (بەبرەک کەرمەل) بدات.

ترسناکترین شەپۆل کەبەسەر بەشی هەرە زۆری روناکبیراندا هات لێلاوی چەپی ساختەو سۆڤیەتپەرستی بوو. کار گەیشتە رادەیەک کە دژی نەتەوەکەی خۆیان و مێژووی خۆیان راوەستن، تەنیا بۆ ئەوەی پاساوی تاوانەکانی شوورەوی بدەن و رووی دزێوی کۆمۆنیستی بشارنەوە. ئێستا دوای رووخانی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ئەورووپای رۆژهەلأت و گۆڕانکارییە گرنگەکانی دنیای سیاسەت، هیوایەکی زۆر هەیە ئەمە لە بیرو لێکدانەوەو هەڵسوکەوت و ئاکاری ئەمانەی لای خۆیشماندا رەنگ بداتەوەو بوێرن پێ لەراستی بنێن.

ڕووناکبیر ئەگەر بەراستی ڕووناکبیربێ، سەربەخۆ دەبێ، بەمێشکی خۆی بیردەکاتەوەو بەچاوی خۆی تەماشا دەکات، رۆڵی خۆی چاک تێ دەگات، رێگەی خۆی دەناسێت و پێویستی بە ئامۆژگاری و رێنوێنیی من و تۆ نییە.

* وەک شاعیرو ڕووناکبیرێک بەربانگت پێ چۆنەو لەو بووارەدا چی بکرێت باشە؟!

** بەربانگ ئێستا بەرەو ئەوە دەچێت ژمارەی حەفتایەمینی لێ دەربچێ. حەفتا ژمارە بۆ گۆڤارێکی کوردی کەم نییە، بگرە زۆریشە. بەلأم بەرانبەر بەوەش وا چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر گۆڤارێک .۷ ژمارەی لە دەرەوەی ولأت، کە دیموکراسی و ئازادی هەیە و تەکنیکی پێشکەوتوو لەبەر دەستدایە، لێ دەرچووبێ، کارێکی گەورەشی کردبێتە سەر فەرهەنگ و بیری خوێنەران و ئەو دەوروبەرەی لە پێناویاندا بلأودەبێتەوەو ناوەڕۆکەکەشی گەیشتبێتە پلەیەکی بەرز. کە بیر لەمە بکەینەوە دەبینین بەربانگ گۆڤارێکی پاشکەوتووەو هیچ ئامانجێکی فەرهەنگیی بەدی نەهێناوە. هۆی ئەمەش ئاشکرایە؛ بەربانگ هەرگیز سەربەخۆو دیموکراتیک نەبووە، رێگەی بە ئازادیی دەربڕینی بیروڕای جیاوازی نەداوەو هەمیشە لەژێر سانسۆری ئیدۆلۆژیدا بووە.

پێم وایە دەکرێ بەربانگ پێش بخرێ و بکرێتە گۆڤارێکی کاریگەر و سەرکەوتوو، بەتایبەتی، هێندەی من بزانم بودجەیەکی باشی هەیەو بۆ پارە دانەماوە، کە ئەمە ئاستەنگەو گیروگرفتی هەرە سەختی زۆر گۆڤاری دیکەیە. دەستەیەکی نووسەرانی کارزان، لێهاتوو، ئازادەبیرو کوردپەروەر، پێڕەوی کردنی دیموکراسی و ئازادیی بێ چەندو چوتی بیر. ئەمەیە رێگەی ژیاندنەوەو خستنە گەڕی بەربانگ و دەیان گۆڤاری دیکەی کە دیلی تاریکایین.

www.arsivakurdi.org

گۆران بەرەو سیس بوون و پووان چوو. لە سەرەتای حەفتاکانیشەوە نەوەیەکی دیکەی تازە هاتە پێشەوە. ئێمە ٧-٨ شاعیرێک بووین کە لە زۆر رووەوە لەگەڵ گۆران جیاواز بووین. سەردەمەکە بۆخۆی ئەوەی دەویست کە دەنگی تازەو لە گۆران جیاواز پەیدا ببێ. ئەزموونی ئەو نەوەیەی ئێمە یەکجار ناکام و ئاڵۆزە. تەنیا چوار ساڵی ئاشتی ١٩٧٤ـ١٩٧٠ بەشی ئەوەی نەکرد ئەو ئەزموونە لە هەموو روویەکەوە خۆی دابمەزرێنێ و بنەما و نرخە هونەرییەکانی روون ببنەوەو جێگیر بن. لەوە بەدواش، بە تایبەتی لە ١٩٧٥ بە دواوە، ئیدی نە زەوینەی فەرهەنگی و نە گەشەکردن و ئەزموونی تاکەکەسیی هەریەک لەو شاعیرانە رێگەی ئەوەی نەهێشتۆتەوە کە باس لە ئەزموونی یەک نەوە، یا کۆمەڵە شاعیرێکی سەر بە یەک نەوە بکرێ. هەریەکەمان کەوتینە لایەک و گۆشەیەکی ئەم جیهانە پان و پۆڕەو هەریەکەمان تێکەڵاوی و ئاشنایەتیمان لەگەڵ فەرهەنگ و زمان و ئەزموونی دیکەدا پەیدا کرد. بەم پێیەش بۆچوون و نرخاندن و جیهانبینی و چێژی هونەری و زمانەوانیمان گۆڕانی بنەڕەتی و دوور لەیەکی بەسەردا هات. بێجگە لەو ٧ـ٨ شاعیرەی سەرەتای حەفتاکان، پاشتر کۆمەڵێ شاعیری دیکەش پەیدا بوون، کەپێم وایە هەر بەردەوامی، ئەویش بەردەوامییەکی کزی، ئەزموونی نەوەی حەفتاکانن.
رووالەتێکی زاڵی شیعری کوردی لەم ١٠ـ١٥ ساڵەی دواییدا شیعری بەڕەنگاری و شۆڕشگێڕییە. من ئەمە بە شیعری نوێ دانانێم. ئەمە سیاسەتاندنی شیعرە، بەکارهێنانی تفاق و کەرەسەیەکی هونەرییە، بۆ دەربڕینی مەبەستێکی سیاسی. نوختەیەکی دیکەی لاواز لای بەشێکی زۆری شاعیرانی ئەمڕۆ زمانە. ئەمانە خۆیان لە جغزێکی تەنگەبەر و کەڕووهەڵهێناودا بەندکردووە، وابێ ناچێ تازە ئیدی بشتوانن لێی بێنە دەرەوە.

* چۆن بیر لە فەرهەنگی کوردی بە گشتی دەکەیتەوە، چ لە وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات؟؟

** پێشەکی دەبێ لێرەدا دوو شت وەبیر بێنمەوە: یەکیان ئەوەیە کە گونجاوترین و راستترین وشەیەک لە کوردیدا بەرانبەر( Kultur - Culture ) بەکار بهێنرێ (فەرهەنگ)ـە. شتی دیکەی وەک (رۆشنبیری) و (چاند) هەڵبەستراون. دووەمیش ئەوەیە کە چەمکی فەرهەنگ لای ئێمە ( کوردستان و رۆژهەڵات) و لای ئەم خەڵکی ئەورووپایە جیاوازن. لە وڵاتانی خۆمان کە دەڵێین فەرهەنگ مەبەستمان بە رادەی یەکەم فەرهەنگی نووسراوە، شیعر و چیرۆک و بابەتەکانی دیکەی ئەدەب، و تا رادەیەکی کەمیش نیگار کێشان و مۆسیقا. بەڵام فەرهەنگ لای ئەمان روویەرێکی یەکجار فراوان و پان و پۆڕ دەگرێتەوە.
بۆ ئەوەی فەرهەنگی گەلێک، نەتەوەیەک پێش بکەوێت و گەشە بکات، لەپێش هەموو شتێکی دیکەدا پێویستی بە ئەتمۆسفێر و دەورووبەرێکە دیموکراسی و ئازادیی بیری تێدا چەسپاوبێ. ئەمە تەنیا ئازادیی دەربڕین ناگرێتەوە، بەڵکە ئازادیی بڕیاردانیش، واتە بەڕێوەبردن و پلان دانان و نەخشەکێشانیش. لەهیچ بەشێکی کوردستاندا ئەم هەل و مەرجە لە ئارادا نییە. تەنانەت لە ناوچە (جاران) ئازادکراوەکانی کوردستانیشدا نەبوو. کەواتە دەبێ فەرهەنگی کورد لە چوارچێوەی هەلومەرجی دژوارو دەردەدار و گوشار هێنەری ئەمڕۆدا تەماشا بکەین، نەک ئەوەی دەبوو چۆن بووبایە، یا حەزدەکەین چۆن بێت. لەو چوارچێوەیەداو بەو گەزوگرێیەی بۆ جیهانی سێیەمی بەکار دەبەین فەرهەنگی کوردی تا رادەیەک خۆی پاراستووەو دەژی، بەڵام نەک لە هەموو کوردستاندا. من پێم وایە فەرهەنگی کوردی ـ ئەگەر هەموو لایەنێکی لەبەرچاو بگرین. تەنیا لە کوردستانی عێراق و ئێراندا هەیەو بە رادەیەکی زۆر کزو شێواویش لە کوردستانی شوورەوی. ئەو بەشەی فەرهەنگی نەتەوەییمان کە لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوەو ئەنجامی کەڵەکەبوونی دەسترەنگینی و هونەرکاری و ئەزموونی هەزاران ساڵەمانە، دەوڵەمەندو فرەلایەنە: نموونەی ئەمە هەڵپەڕکێ، گۆرانی، پەندی پێشینان، تەونگەری و کاری دەستە. بەڵام فەرهەنگی نووسراو، نیگارکێشان، مۆسیقا، واتە ئەو بەرهەمانەی زادەی خوێندەواری و هۆش و بیرێکی تازەو پێشکەوتووبن و لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا سەرەتاتکێ بکەن و پێویستییە ژیاری و رەوانییەکانی مرۆڤی کورد بەجێ بهێنن و نرخی تایبەت و نەتەوایەتیی لەلا جێگیر و فراوان بکەن، ئەوا زۆر هەژارە، زۆر لە دوایە، زۆر لاوازە. دڵم چۆن بە فەرهەنگێ خۆش بێ کە یەک ملیۆن و نیو پەندی پێشینان و مەتەڵۆکی هەیە، بەڵام رۆژنامەیەکی رۆژانەی نییە، یەک رەخنەگری ئەدەبیی لێزانی نییە، مێژووی نە تازەو نە کۆنی نەتەوەکەی نەنووسراوە، چوار کتێبی زانستی کە منداڵان بەکاری بهێنن نییە و سەدان نییەی دیکەش.
لەدەرەوەی وڵات فەرهەنگی کوردی دەرفەتێکی باشتری لەپێشدایە. لێرە ئاستەنگ کەمترن، بەڵام گیروگرفتیش هەن. هەر بۆ نموونە، هێزە سیاسییەکانی کورد دەیانەوێ فەرهەنگی کورد بکەنە دەزگایەکی حیزبیی بێگیان. دۆگماتیزمێکی یەکجار کوێرانەو رێوێڵکەر بەسەر زۆربەی دەزگا فەرهەنگییەکاندا زاڵە. لە هەموو ئەوانەش بترازێ دەرەوەی وڵات، واتە دەرەوەو دووری کوردستان..!! ئەم بەشەی فەرهەنگی کوردی لێدوانێکی زۆرتر هەڵدەگرێ، بۆیە لێرەدا ناتوانم باسی وردو درشتی بکەم.

* پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکدا باسی ئەوەت کرد کە لێکۆڵینەوەیەکت لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە نووسیوە. رێبازی گەشەکردنی چیرۆکی کوردیت پێ چۆنە؟!

** چیرۆکی کوردی لە ماوەیەکی کورتدا پێشکەوتنێکی لەبەرچاوی وەدەست هێناوە. ناوەڕۆکی چیرۆکی کوردی لەم ١٥ـ٢٠ ساڵەی دواییدا قووڵتر و فرەلایەنترە لە چیرۆکی هەموو ٤٠ـ٥٠ ساڵی پێشتر، بەڵام فۆرمی چیرۆکی کوردی بارتەقای ناوەڕۆک پێش نەکەوتووە. مەبەستم ئەوە نییە



www.arsivakurdi.org

لە زانستگەی ئوپسالا دەرزی زمانی کوردی دەدەم و ئەوەش کات و خۆ ئامادەکردنی گەرەکە. گێرانی سەمینار بۆ ناساندنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی، لە سوید و لە ولاتانی دیکە، هەمیشە روو لە زیاد بوونە. سەرباری هەموو ئەوانە بەڕێوەبردن و بلاوکردنەوەی گۆڤاری (مامۆستای کورد) ئەرکێکی کەم نییە. وێڕای ئەوانەش شیعر دەنووسم و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی و زمانەوانیش ئەنجام دەدەم. ئێ خۆ ئاشکرایشە، ئەگەر بتەوێ دێڕێک بنووسی دەبێ هەر نەبێ سەد دێڕ بخوێنیتەوە.

* ئەگەر بکرێ باسێکی بەشی کوردی لە زانستگەی ئوپسالا بۆ خوێنەرانمان بکەیت؟

** لە زانستگەی ئوپسالا هەر لە کۆنەوە بەشی ئێرانناسی هەبووە، بەڵام لێرەش، وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی ئێرانناسی لە ئەورووپا، بەرادەی یەکەم زمان و ئەدەبی فارسی خوێنراوە، لە کاتێکدا دەزانین ئێرانناسی و زمانانی ئێرانی سەرەڕای فارسی، کوردی و بەلووچی و پەشتۆ و تاجیکی و ئۆسیتیش دەگرێتەوە، ئەمە ئەگەر تەنیا باسی زمانانی زیندووی ئێرانی بکەین. چەند ساڵێ لەمەوبەر پێشنیازی ئەوەم کرد، بۆچی کوردیش نەخوێندرێ. خوا هەڵناگرێ کەس نەیگوت نا. هەموو پێیان خۆش بوو. لەسەرەتادا، تا ماوەی سێ ساڵیش، هەر وەرزی پێنج خاڵ دەخوێندرا. لە کاتەلۆگی کۆرسەکانی زانستگەشدا ناوی کوردی نەبوو، هەر ناوی زمانانی ئێرانی هەبوو. خوێندکار بۆ ئەوەی مافی هەبێ کوردی بخوێنێ، دەبوو پێشتر یەک وەرز (٢٠ خاڵ) فارسی خوێندبا. لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٩-١٩٩٠ەوە هەنگاوێکی تازەمان هەڵهێنا. کوردی کرا بە کۆرسێکی سەربەخۆ، لە کاتەلۆگدا سەربەخۆ باس کراوە و خوێندکار دەتوانێ تەنیا کوردی بخوێنێ و وام (قەرزی)ی خوێندکاریشی بۆ وەربگرێ.

* ئەوانەی لەو بەشەدا خوێندکارن کێن، چی دەخوێنن، چەند ساڵ دەخوێنن و بەڵگەنامەی چی وەردەگرن؟

** ساڵی خوێندنی ئەمساڵ، ١٩٩٠-١٩٩١، دوو گرۆی خوێندکارمان هەن. ئەوانەی ٢٠ خاڵ دەخوێنن شەش کەسن (سێ کوردو سێ سوێدی)، ئەوانەش کە ٤٠ خاڵ دەخوێنن پێنجن (سێ سوێدی و دوو کورد). ئێستا لە هەر وەرزێکدا ١٠ خاڵ دەخوێنن، واتە خوێندنی نیوە کات، تێکڕا خوێندنی چوار وەرز (دووساڵ)مان بە کوردی هەیە. خوێندکاری ئەم بەشە ڕێزمانی کوردی دەخوێنن، تێکستی کوردی دەخوێنن و دەبێ بتوانن شیی بکەنەوە، شیکردنەوەیەکی زانستانەی زمانەوانی. لە ماوەی چوار وەرزدا نیزیکەی ٢٥٠ لاپەڕە تێکستی کوردیی جۆربەجۆر دەخوێنن: چیرۆک، شیعر، ئەدەبی منداڵ، وتاری ڕۆژنامە.. هتد. دەرسێکی تریان ئەوەیە کە بتوانن فێری قسەکردن و نووسین و وەرگێڕان بن. دەرزێکی دیکە (ریالیا)یە، خوێندنی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی و دینیی کوردو ناسینی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کوردستان. لەماوەی دوو ساڵدا ١٢ سەرچاوەی زانستی و دەوڵەمەند کە ١٠ دانەیان بە ئینگلیزییە، دەخوێنن. خوێندکار دوای ئەم دوو ساڵە، وەک زۆربەی کۆرسەکانی دیکەی زانستگە، بەڵگەنامەیەک وەردەگرێ ئەوە پێشان دەدات کە ٤٠ خاڵ کوردیی خوێندووە. لێرە بەشەکانی زمان هەموو وان. ئەوی بیەوێ فیل. کاند (بەرانبەر بەکالۆریۆسی وڵاتانی خۆمان) وەربگرێ، دەبێ ١٢٠ خاڵ کۆبکاتەوە، هەشتای لە بابەتێکی سەرەکیدا بێ.

* هیوای دوا ڕۆژتان بەم بەشە کوردییە چییە؟؟

** لای گەلانی خودا پێداو هەبوونی بەشێکی زمانەکەیان لە زانستگەیەکی جیهانیدا شتێکی سەیرو سەمەرە نییە. ئەوەتا هەر لە سوید لە دووسێ زانستگە عارەبی و چینی و پورتوگالی و نازانم چی و چی هەیە. باسی ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەوانە ناکەم، کە لە هەموو شوێنێک هەن. ئێمە چونکە هێندە بەدبەخت و خۆشینەدیوین، بە پەیدا بوونی بەشێکی بچکۆلانەی زمانەکەمان لە زانستگەیەکدا دنیایەک دڵخۆش دەبین. جا خۆ هەقیشمانە، چ بکەین، ئێمە واین و ئەوان وا. بە هەر حاڵ، هیوامان ئەوەیە هەموو ساڵێ خوێندکاری باش و زیرەکمان هەبن، بتوانین بەشەکە پێش بخەین و فراوانتری بکەین و بیگەیێنینە ٨٠ خاڵ و لەم ڕێگایەشەوە فەرهەنگی گەلی کورد بە گەلی سوێدی و گەلانی دیکەی سکاندیناڤی بناسێنین.

* بێجگە لە کاری مامۆستایەتی چی تر دەکەیت؟؟

** ئەگەر مەبەستت کارێکە پێی بژیم، ئەوا هەر مامۆستام و کاری دیکەم نییە. بەڵام، وەک پێشتریش باسم کرد، بەگەلێ شتی دیکەوە خەریکم. سەرقاڵم و پڕکارم، یەکجارو لە ئەندازە بەدەر سەرقاڵم. بەڵام خۆشبەختانە هەموو کاروبارو چالاکی و سەرقاڵیم هەر پێوەندیی بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە هەیە.

* وەک شاعیرێک بۆ چوونت بەرانبەر شیعری نوێی کوردی چییە؟؟

** وابێ دەچێ تۆ باسی شیعری ئەمڕۆی کوردی دەکەیت. شیعری تازە، کە ئیدی شیعری تازەی کوردیش دەگرێتەوە، چەمکێکی ڕەها نییە، بەڵکە پێوەندییەکی زۆری بەسەردەم و نرخە باوەکانی سەردەمەوە هەیە. لەپرۆسێسی گەشەکردنی شیعری کوردیدا گەلێ جار نوێبوونەوە و نوێکردنەوە هەبووەو بەدی هاتووە. خانیی گەورە لەسەردەمی خۆیدا شیعری کوردیی تازە کردەوە، شێوەو ناوەڕۆکی تازەی داهێنا. نالی نوێکردنەوەی کردە خوێندنگەیەکی، مەدرەسەیەکی، هونەری. ئەزموونێکی لەبەرچاو و لە ئێمەوە نزیک، ئەزموونی مامۆستا گۆرانە. گۆران ناوەڕۆک و شێوەو زمانی شیعری کوردیی تازە کردەوە. ئەزموونی تازەکردنەوەکەی گۆرانیش تا دوا ساڵەکانی چلەکان پەری کرد. لەوە پاش، لەژێر تین و تاوی کۆمۆنیستیدا، شیعری گۆران و بەهرەی هونەرکارانەی

www.arsivakurd.org

# فەرهەنگی ئێمە زۆر لاوازە، زۆر لەدوایە

## گفتوگۆیەکی ئەدەبییە لەگەڵ (فەرهاد شاکەلی)دا

ئامادەکردنی
ئاسۆ گەرمیانی

* حەزدەکەین، ئەگەر بە کورتیش بێت، باسی خۆت بۆ خوێنەرانی بەربانگ بکەیت.

** پێم وایە خۆ پێشکێش کردن بۆ هیچ شاعیرێک و بۆ هیچ هونەرمەندێک ئاسان نەبێ. هۆی زۆرە و گەلێکیشیان بەجێن. ئەوە لێ دەگەڕێم بۆ دەرفەتی دیکە. من ساڵی ١٩٥١ لە ناوچەی کەرکووکی خوارووی کوردستان لەدایک بوومە. ساڵانی منداڵی و بەشێکی لاوێتیم لە گوندەکەی خۆمان، شاکەل، بردۆتە سەر. چەند ساڵێکیش لە بەغدا خوێندوومە. وێڕای خوێندن دوو ساڵ ڕۆژنامەگەر بووم. ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ پێشمەرگە بووم و لە بەشی ڕاگەیاندنی شۆڕش کارم دەکرد. بەتێکچوونی لانەو کاشانەی کورد،١٩٧٥، ئیدی ژیانی ئاوارەیی بۆ زۆربەمان دەستی پێ کرد. پاییزی ١٩٧٧ هاتمە ئەڵمانیا(ی جاران ڕۆژئاوا). لە هاوینی ١٩٧٨یشەوە لە سوێد دەژیم. ئێستا لە زانستگەی ئوپسالا خوێندکاری دکتۆرام و هەر لەوێش، لە ئەنستیتووتی زمانانی ئاسیا- ئەفریقا، مامۆستام و دەرسی زمانی کوردی دەڵێمەوە.

ژیانی شاعیریم لە کۆتایی‌ی شەستەکانەوە دەست پێ دەکات. پێشتریش، لە تەمەنێکی زۆر منداڵتردا، شیعرم نووسیوە، بەڵام شتی منداڵانە و نەگەیبو. یەکەمین دیوانم، پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی، بەهاری ١٩٧٣ بڵاوکردەوە.

* هەتا ئەمڕۆ بەرهەمی شیعری، چیت بڵاوکردۆتەوە و لە بووارەکانی تردا چیت هەیە؟

** لە بوواری شیعردا، دوای یەکەم دیوانم، دوو نامیلکەو دیوانێکی شیعرم بڵاوکردۆتەوە؛ ڕووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە (بەیرووت ١٩٧٧)و هەوراز (سوێد ١٩٨١)، ژێ (سوێد ١٩٨٥). دوو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیم بەهۆی خوێندنەکەمەوە نووسیوە: کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا (ساڵی ١٩٨٣ بە ئینگلیزی و ١٩٨٥یش بە سویدی بڵاو بۆتەوە)، پەخشانی کوردیی مودێرن، بە سوێدی، (ئەمەیانم بڵاونەکردۆتەوە). شتێکی دیکەی شایانی ناوهێنان بێ (فرمێسک و هونەر)ە کە بریتییە لە بیست شیعری گۆران بە هاوکاری دوو دۆست کردمانە سوێدی و ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە. سەرەڕای ئەوانە ٤-٥ کتێبی منداڵانم لە سوێدییەوە کردوونە کوردی و هەندێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم بە ئینگلیزی و سوێدی لێرەو لەوێ بڵاوکراونەوە و هەندێ شیعریشم تەرجومە کراون.

* بەرنامەی کاری ئێستات چییەو بە چییەوە خەریکیت؟؟

** دانانی بەرنامەیەکی کارکردن بۆ کەسێکی وەک من ئاسان نییە. ئێستا ناچمە بنج و بناوانی ئەم باسەوە، چونکە ئەو دەم دەبێ ناو لە هەموو شتێ بنێم، کە ئەوەشم پێ خۆش نییە. ئەگەر مەبەستت لە ئێستا ئەمساڵ و یەکدوو ساڵی داهاتووە، ئەوا دەمەوێ بەشێکی باشی کات و توانستم بۆ ئەنجام دانی دکتۆرنامەکەم تەرخان بکەم. ئەوە دووسێ ساڵە

www.arsivakurdi.org

## لەم ژمارەیەدا

### بەشی کرمانجی خواروو


٥٧- گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ فەرهاد شاکەلی ...
ئامادەکردنی ئاسۆ گەرمیانی .
٥٣- هەوڵێکی زۆر و بەرهەمێکی سەقەت ... هێمن
٤٦- هۆیەکانی داگیرکردنی کوێت ... شوانی
٤٢- هەڵوێستی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپی و پەرلەمانی ئیتالی بەرامبەر کێشەی گەلی کورد.... جاسم تۆفیق.
٣٩- نووسراوە عوسمانیەکان: گەنجینەیەکی فەرامۆشکراوی فەرهەنگ و مێژووی گەلی کورد.... فەرهاد پیرباڵ.
٣٧- لەج کۆنە شاری پێش مێژوو..... ئەحمەد شەریفی.
٣٥- گۆشەی تەندروستی
٣٤- پەنابەرانی کوردی عێراقی لە تورکیا لە مردنێکی لەسەرخۆدا دەژین...... د. عبدالباقی ئەحمەد.
٣٢- چاپکراوی نوێ.


### کرمانجی ژووروو


٤- لە دەرڤەی ولات دێ میتۆدا خەباتێ چەوا بیێ... کەدیا ئیزۆل.
٥- ئەنستیتۆیا کوردی ل پاریسێ خەلاتەک ....
٦- هەلوێستا بازارا ڤەپشکێ ئەورووپاو ....
٧- چل و پێنە سالیا کۆمارا مەهاباد.
٨- پرسگرێکێن زارۆک و جوانێن کورد ل سوێدێ...
٩- هەڤکاریا مالبات و دبستانێ ل سوێدێ.
١٠- جەلادەت بەدرخان و .....
١٦- تاگرتن .... گۆشەی تەندروستی.
١٧- بلا هایا وەژی تایدزێ هەبێ.
١٨- کوردستان پڕ خۆشە...
٢٢- گوتو بێژو لەجێن ئەدەبی ...
٢٥- گەڕیانێک دناڤ دیوانا شاعرەکی دا..
٢٧- چیرۆکەک ژ بیر بویی...


### بەشی دملی (زازا) یی


٢٩- ئیسماعیل بیشکچی...
٣٠- سوسنێ
٣٠- تەیری یەنا



# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانە لە سوێد

بەرپرسیار
**ن. کریف**

دەستەی نووسەران
ئاسۆ گەرمیانی — ئا. تگریس
ج. حەیدەری — ل. چەنگین
م. مایی — م. عەلی. ک
رۆهات — ئەمۆ زێرین

ئابونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بڵاوەدەکرێنەوە.



ئاونیشان:
BERBANG
Box 45205
104 30 STOCKHOLM

تەلەفۆن:
08- 668 60 60

پۆستگیرۆ:
64 38 80-8



ژمارە (٦٨) ، ساڵ ٩
دیسامبەری ١٩٩٠


www.arsivakurd.org

# ئاگاداری

هاونیشتمانانی بەڕیزا

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکی ئازادیخوازدا هێندێک ڕۆژی پیرۆزو لەبیر نەکراو هەن، کەبوونە جێگای شانازی و ڕۆژی میللی و جێژن و شادی ئەم نەتەوەیە.
نەتەوەی کوردیش کە یەکێک لە کۆنترین و ئازادیخوازترین نەتەوەی ئەم سەر هەردەیە، وەک گەلێکی خەباتگێڕ بەدرێژایی مێژووی پڕ لە کارەسات و هەورازو نشێوی چەند هەزار ساڵەی خۆی لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری دا خەباتی کردووە و قوربانی داوە، چەند ڕۆژی پیرۆزو لەبیر نەکراوی هەیە.
دووی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەڕێبەری پێشەوای نەمر قازی محەممەد گرنگترین و پڕ بایەخترین ڕۆژی نەتەوەی کوردە.
ئەمرۆژە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی بەرزی خەباتی کوردە، کە هەتا هەتایە لە دیرۆکی نەتەوەکەماندا دەدرەوشێتەوە و وەک ڕۆژی میللی «نەتەوەیی» کورد دیاری کراوە.
ئێمە لەگەڵ ڕێزو شانازی بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییە و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو هاونیشتمانیان دەکەین.
لێبراوین کە بە شکۆو شایانێکی تەواوەوە بیرەوەری دووی ڕێبەندان جێژن بگرین، دڵنیاین کە هەموو خوشک و برایەکی کوردو هاو وڵاتیانی بەڕێز لەم ڕێ و ڕەسمە سیاسی و هونەرییەدا بەشداری دەکەن.

## سڵاو لە دووی ڕێبەندان

پیرۆزبێ بیرەوەری چل و پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد

١٩٩١/١/١٨
کاتژمێر: ١٦.٣٠
شوێن : Folkethus- Stockholm
T. T Centralen

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
تەڤگەر
بەرەی کوردستانی عێراق
پارتی دیموکراتی پێشڕەوی کوردستانی سوریا
پارتی ڕزگاری کوردستان



www.arsivakurd.org

# بەربانگ

ژمارە ٦٨ | گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد | ساڵ «٩»

